مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# اصطدام الوقت في نوستالجيا اللغة (اسمك توقيعي) انموذجا

حسين مصطفى حسين

طالب ماجستير في جامعة سۆران

househusen5@gmail.com

أ. د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ

جامعة سۆران/فاكەڵتيى اداب/ قسم الكوردى

halmat.rasool@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الحنين إلى الماضي، اللغة، الماضي، الذاكرة، والاصطدام، الثقافة، الآنز

**كيفية اقتباس البحث**

حسين , حسين مصطفى , هەڵمەت بایز ڕەسوڵ, اصطدام الوقت في نوستالجيا اللغة (اسمك توقيعي) انموذجا,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# Agreement of time in nostalgia of language (Your name is my signature) as an example

**Hussein Mustafa Hussein**
**Master's student at Soran University**
**househouse5@gmail.com**
**Dr.Helmet Bayaz Rasul**
**Soran University/Faculty of Arts/Kurdish Department**
**halmat.rasool@soran.edu.iq**

**Keywords** : nostalgia, language, past, memory, coincidence, culture, present

**How To Cite This Article**
Hussein , Hussein Mustafa , Helmet Bayaz Rasul ,Agreement of time in nostalgia of language (Your name is my signature) as an example ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:

Nostalgia is one of the multi-dimensional concepts within memory, closely associated with understanding, recollection, and the tools of literature. In both emotional and anxious states, the poet is engaged in recalling as well as remembrance. Due to the cultural, historical, and diverse social life characteristics of people, nostalgia appears as an unconscious desire and a form of memory among Kurdish poets and readers. This study, entitled “The Coincidence of Time in Linguistic Nostalgia (Your Name Is My Signature as a Sample), examines a collection of poetic texts by Tal’at Tahir, in which irony is an important characteristic of linguistic nostalgia. In addition, a huge attention is shedded on the coincidence of time within linguistic nostalgia, where

emotional intensity and sadness throughout the texts, embedded in language, become the defining features of nostalgia. According to the levels of culture, language, and discourse, within a social, cultural, and political context, the semantic implications of the text. such as, the coincidence of the present and the past have been appeared.

In general, our aim in this research is to find a deep relationship between nostalgia and language, which has not been worked on in Kurdish literary research. The research question is: How is the role of language in constructing poetic aesthetic value produced through nostalgia? To what extent is nostalgia related to the poet's emotional and sad aspects through language? How is the poetic text present as meaning within the structure of language levels, such as culture, meaning and discourse? Importance of the study Along with the importance of nostalgia in language in terms of past narrative relationships, the semantic discourse aspects behind the text are important.

الملخص:

الحنين إلى الماضي هو أحد المفاهيم متعددة الأبعاد في الذاكرة، وهو مشابه جدًا للفهم والسرد والأدوات الأدبية. وتقوم مقام السرد في كلتا حالتي الاستشعار والقلق لدى الشاعر. ونظرًا للخصائص الثقافية والتاريخية والإجتماعية لمختلف الأشخاص، فإن الحنين إلى الماضي هو شغف باطني ومتماسك للشعراء والقراء الكورد. هذا البحث، بعنوان "اصطدام الوقت في نوستالجيا اللغة كتاب "اسمكِ هو توقيعي" أنموذجا، وهي مجموعة شعرية من تأليف طلعت طاهر وتتميز بسمة مفارقة درامية من نوستالجيا لغوية؛ ومع ذلك، يعنى به في اصطدام الوقت داخل نوستالجيا اللغة. ووفقًا لمستويات الثقافة واللغة والخطاب، في سياق التفاعل الاجتماعي والثقافي والسياسي للدول النصية، يغدو الاستشعار والحزن من مجموع النصوص خاصية نوستالجية .يهدف هذا البحث، بشكل عام، إلى استكشاف العلاقة العميقة بين الحنين إلى الماضي واللغة، وهي علاقة لم تُدرس في الدراسات الأدبية الكردية. ويتمثل سؤال البحث في: ما هو دور اللغة في بناء القيمة الجمالية الشعرية المُستمدة من الحنين إلى الماضي؟ وإلى أي مدى يرتبط الحنين إلى الماضي بالجوانب العاطفية والحزينة للشاعر من خلال اللغة؟ وكيف يُجسد النص الشعري المعنى ضمن بنية مستويات اللغة، كالثقافة والمعنى والخطاب؟ تكمن أهمية هذه الدراسة في أن جوانب الخطاب الدلالي الكامنة وراء النص، إلى جانب أهمية الحنين إلى الماضي في اللغة من حيث العلاقات السردية الماضية، تكتسب أهمية بالغة.

# بەریەککەوتنی کات لە نۆستالژیای زماندا (ناوی تۆ ئیمزای منە وەک نموونە

حوسێن مستەفا حوسێن

قوتابی ماستەر لە زانکۆی سۆران

househusen5@gmail.com

پ. د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ

زانکۆی سۆران/فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی کوردی

halmat.rasool@soran.edu.iq

## پوختە

نۆستالژیا یەکێکە لە چەمکە فرە ڕەهەندەکانی ناو کۆیادەوەری، لەگەڵ تێگەیشتن و گێڕانەوە و کەرەسەکانی ئەدەب زۆر هاوتایە. لە هەردوو باری هەستخرۆشان و نیگەرانی شاعیر خەریکی گێڕانەوەیە. بەهۆی تایبەتمەندیی کەلتووری و مێژوویی و ژیانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی خەڵک نۆستالژیا، وەک حەزێکی نائاگایی و کۆیادەوەری شاعیران و خوێنەرانی کوردە. ئەو توێژینەوە بەناونیشانی **(بەریەککەوتنی کات لە نۆستالژیای زماندا " ناوی تۆ ئیمزای منە وەک نموونە")** کۆمەڵە تێکستێکی شیعری تەڵعەت تاهیرە و تایبەتمەندییەکی ئایرۆنی نۆستالژی زمانی گرینگی هەیە، وێڕای ئەوەش لەبەریەککەوتنی کات لەناو نۆستالژیای زماندا، ئاوری لێدراوەتەوە، هەستخرۆشی و غەمگینی لە سەرجەمی تێکستەوە لەناو زماندا، بووە بە تایبەتمەندییەکی نۆستالژی. بەپێی ئاستەکانی فەرهەنگ و زمان و گوتار، لە کۆپەیوەندی (سیاق)ێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەکانی دەلالەتەکانی تێکست، وەک بەریەککەوتنی کاتی ئێستا و ڕابردوو دەرکەوتوون.

**وشە سەرەکییەکان:** نۆستالژیا، زمان، ڕابردوو، یادەوەری، بەریەککەوتن، کەلتوور، ئێستا

## پێشەکی

نۆستالژیا یەکێکە لە چەمکە فرە ڕەهەندەکانی بواری پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی. لە لایەکی دیکەشەوە کۆی ئەو یادەوەری و پەیوەندی و ئولفەتانەی مرۆڤ بۆ دەرووبەر هەیەتی، کەم تا زۆر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەیادگاوە هەیە، ئەدەبیاتیش وەک بەشێک لەڕەنگرێژبوون و مامەڵەیەکی کۆیادەوریی دەچێتەوە ناو تێگەی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

نۆستالژیاوە، چونکە ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی گێرانەوەییە، مامەڵە لەگەڵ کۆی یادەوەرییە کەڵەکە بوو ئەزموونکراوەکانی پێشوتر دەکات. نۆستالژیا سەروسەودای ڕاستەوخۆی بەو گێرانەوە و تێگەیشتنە بەرفراوانەوە هەیە، کە ئەدیبان و شاعیران و ڕۆماننووسان بەردەوام خوازیاری گەڕانەوە و گێرانەوەن و بەشێکی گرینگی گێڕانەکانیشان لە بەریەککەوتنی ئێستا و داهاتوویان دایە لەچوارچێوەی خوێندنەوەکانی شوناسی ئێستای کۆمەڵایەتی سیاسی و کەلتووریی هەنوکە لەبەرانبەر ئەو کۆیادەوەرییەی، کە هەمیشە جۆرێک لە غەمگینی و هەستخرۆشییە.

ناونیشانی توێژینەوە بەناونیشانی **(بەریەککەوتنی کات لە نۆستالژیای زماندا "تێکشتی ناوی تۆ ئیمزای منە وەک نموونە")** کۆمەڵە تێکستێکی شیعری تەڵعەت تاهیرە، بە مێتۆدی وەسفی شیکاری لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەکانی زمان بەتێگەیشتنێکی ڕەهەندی زمانی، ڕاڤە بۆ تێگەیشتنی زمانی نۆستالژی ئەو کۆمەڵە تێکستە دەکات. لە بژاردەی چەند تێکستێکدا، لەناو بەریەککەوتنی کاتدا، دۆخی نوێگەری لەبەریەککەوتنی کۆیادەوەری بە هەموو ئەو کەرەسە و ژینگە و چینە سادەکانی کۆمەڵ بەشێوازێکی ئایرۆنی و ئێستاتیکی و مەعریفی، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە زمانێکی نۆستالژیایانە گوزارشتیان لێدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە پەیوەندیەکی قووڵی نێوان نۆستالژیا و زمان بدۆزینەوە، کە لە توێژنەوەی ئەدەبی کوردیدا کاری لەسەرنەکراوە، لە لایەکی دیکە دەرخستنی کۆی کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری ڕابردوو لە ڕێیی زمان و یادگەی شاعیر لەو توێژینەوەیدا گرینگە. هەرچی پرسیاری توێژینەوەشە: ڕۆڵی زمان لە بنیاتنانی بەهای ئێستاتیکی شیعریدا، لە ڕێی نۆستالژیاوە چۆن بەرهەم هاتووە؟ تا چەند لە ڕێی زمانەوە نۆستالژیا پەیوەندی بە دیوە هەستخرۆشی و غەمگینەکانی شاعیرەوە هەیە؟ چۆن دەقە شیعرییەکە وەک دەلالەت لە ناو پێکهاتەی ئاستەکانی زماندا، وەک فەرهەنگ و دەلالەت و گوتاردا ئامادەیە؟

گرینگی توێژینەوەکە وێرای گرینگی نۆستالژیا لەناو زماندا لە پەیوەندییەکانی گێڕانەوەی ڕابردووەوە دیوە گوتارییە دەلالییەکانی پشتی تێکست کارێکی گرینگە، دیوێکی دیکەش بوار بۆ ڕەهەندە فراوانەکانی زمان خۆش دەکات بۆ بەدواداهاتنی توێژینەوەی دیکە و دەرچوون لە کلێشەی ڕاڤەکاریی نۆستالژیا.

## تەوەرەی یەکەم: چەمک و ڕەهەندەکانی نۆستالژیای زمان

### ڕیشە و زاراوەی نۆستالژیا (Nostalgia)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی نۆستالژیا لەڕووی پێکهاتەوە بۆ زمانی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە ((وشەی نۆستالژیا ئاوێتەیەکی نیوکلاسیکییە کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، پێکهاتووە لە (nóstos) όστοςν، وشەیەکی هۆمێریکی بە واتای (گەڕانەوە بۆ ماڵەوە) و (álgos) ἄλγος، بە واتای ئازار دێت)) لە بنچینەدا، (Fuentenebro; de Diego, F; Valiente, 2014: 404) نۆستالژیا وشەیەکی فەڕنسییە لە دوو داستەواژەی یۆنانی وەرگیراوە کە (nostos) بەواتای گەڕانەوە دێت و(algos) حەسرەت و ئازار و دڵتەنگی دێت (مهدی شریفیان، ١٣٨٦: ٥٢). هەر بۆیەشە لە پێناسەکانی نۆستالژیا لای میلان کۆندێرادا هاتووە: ((نۆستالژیا وشەیەکی یۆنانییە و نۆستۆس بەواتای گەڕانەوە دێت و ئەڵگۆس بەواتای ماڵ دێت، بۆیە پێویستە بزانین نۆستالژیا واتا گشتیەکەی ئەوەیە بۆ ئازار و حەوداڵی دێت و گەڕانەوەیەکە بۆ ڕابردوو بە کاردێت))(Milan Kundera, 2004: 14-15) زاراوەی نۆستالژیا سەرەتا لە زانستی پزیشکییەوە سەرچاوەی گرتووە، نەوەک لە شیعر و سیاسەتەوە، بەڵام دواتر هاتۆتە ناو ئەدەبیاتەوە. بۆ یەکەمین جار لەلایەن خوێندکارێکی پزشکی سویسری بەناوی (یۆهانس هۆفەر) لە ساڵی ١٦٨٨ داهێندراوە. بەهەمان شێوەش دوو زاراوەی دیکەشی پێشنیازکرد بۆ هەمان نەخۆشی، وەکو(نۆسۆمانیا) و (فیلۆپاتریدۆمانیا)، بەڵام خۆشبەختانە نەکەوتە نێو زمانەوانی باوەوە(Svetlana Boym, 2007: 7). دواتر لەگەڵ بەرکارهێنانی ڕەوتەکانی ڕەخنە و چەمک و زاراوە ڕەخنەییەکان پەڕیوەتەوە ناو ڕەخنەی ئەدەبییەوە. هەربۆیەش لە بنەڕەتەوە ئەم دەسەواژەیە، وەکو دەستەواژەیەکی نەخۆشی یان بارێکی دەروونی وێناکراوە، چونکە ((زەمەنی نۆستالژیا پەیوەستە بە زەمەنی ڕابردوو. گوتارێکی ڕابردوخوازە. کەسی نۆستالژیا دەخوازێ بوونی خۆی لە ڕابردوودا پایەدار بکات، بەو پێیەی ڕابردوو هەمیشە سەردەمی شکۆ و سەروەرییە، چونکە لە ئێستادا ئەو شکۆ و ڕەسەنێتییە بوونی نەماوە))(د. نەوزان ئەسوەد ئەحمەد، ٢٠١٥: ٣٩١). لە لایەکی دیکەشەوە نۆستالژیا ئاماژەیە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشییانەی، کە مرۆڤ دووچاری دەبێت و بەهۆی یادەوەرییەکانییەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژینگەکەی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی ژینگە بنەڕەتییەکەی کە حەسرەتی بۆدەخوازێت (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی _ د. عەلی تاهیربەرزنجی، ٢٠٢٤: ٤٩٩).

لەفەرهەنگی زمانی عەرەبی (نستالجیا) بەکاردێت، چونکە زمانی عەرەبی وەکو ڕێنووس و نووسنی فەرمی دەنگی (گ) نییە، لە زمانی ئینگلیزیش دەنگی (گ) هەیە و وەکو خۆی دەنووسرێت و دەخوێدرێتەوە لە زمانی کوردیشدا پیتی(ژ) هەیە و چۆن دەنووسرێت، ئاواش دەخوێندرێتەوە. لە ڕاستیدا زاراوەی نۆستالژیا لە زمانی فەڕەنسی وەرگیراوە، دەکرێت زمانی کوردی ڕاستەوخۆ لە زمانی فەڕەنسی وەریگرتبێت.

لەبارەی دەلالەتەکانی زاراوەکە پێشتر زۆر وشە و دەستەواژەی جۆراوجۆر لە ئەدەبیات و نووسینی کوردیدا لە بری نۆستالژیا بەکارهاتوون، بەڵام ئەو دەستەواژانە بە قۆناغی جیا جیای ئەدەبی کوردیدا، تێپەڕیون و هەریەکەیان بۆ سەردەمی خۆیان بەکارهاتوون. بۆیەش وشەی غەریبی، مەنفا، دوورەوڵاتی، تاراوگە، سۆزی غەریبی، فەیراق، تامەزرۆی لە ڕادەبەدەر، ئەزموونی منداڵی... هتد مانا هەڵگری زاراوەی نۆستالژیان، بەڵام بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان هەموو ئەمانە بەکارهاتوون، بەڵام هێشتا نە تونداوە ئەم وشانە مانای تەواوی زاراوەی نۆستالژیا بن و دواتر نۆستالژیا شوێنیان دەگرێتەوە (سۆران مامەند عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٢٤). ئەگەر پێشتر لەناو ڕەخنەی ئەدەبی و کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی زاراوەی نۆستالژیا دەرنەکەوتبێت لە بری ئەوە دەستەواژەو وشەی فیراق و مانفا و دوورە وڵاتی و تاراوگە بەکارهاتبێت، بەڵگەن لە سەر ئەوەی نۆستالژیا پێش دەرکەوتنی زاراوەکە ئامادەیی هەبووە.

## چەمک و ڕەهەندە دەلالییەکانی نۆستالژیا

نۆستالژیا پەیوەندییەکی قووڵی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤیش بوونەوەرێکی ئاقڵمەندی ئاڵۆزوبڵۆزە، وەک بونەوەریکی بیرکەرەو و بوونەوەرێکی بەجێماوی ناو ئاگایی و بوونەوەرێکی هەستەکی، کۆی ئەو تێگەیشتنانە پەیوەندییان بەنۆستالژیاوە هەیە، بۆیە ناکرێت، ئێمە پێناسەیەکی ڕەها بۆ چەمکی نۆستالژیا بکەین. ئەوەی لێرەدا، زیاتر مەبەستە مامەڵەیەکی چەمکیانەیە نەک پێناسەکی پراوە.

یۆهانس هۆفە(Johannes Hofer)) (1669-1752) توێژەری پزیشکی سویسری یەکەم کەس بوو وشەی (نۆستالژیا)ی بەکارهێنا لە تێزە پزیشکییەکەی لە ساڵی ١٦٨٨ دا، کە تێیدا نۆستالژیا وەک نەخۆشیەکی دەروونی و جەستەیی پێناسەی کرد، بە تایبەتی پەیوەست بە دڵتەنگی بۆ ماڵ و نیشتیمان. کە خوێندکارێکی پزیشکی بوو بۆ پێناسەی نۆستالژیا لە ڕوانگەیەکی دەروونا سییانە، لێیدەڕوانێت، هەروەک جۆرێک لەنەخۆشی دەیناسێنێت: ((لە پەیامە ئەکادیمیەکان نۆستالژیا بە نەخۆشیەکی دەروونی دەناسێنێت، کە دەرهاوێشتەی دڵتەنگییە لە ماڵئاوایکردن لە خاک و نیشتیمان دەگوترێت، نۆستالژیا پەیوەستە بە خەمۆکییەوە، کە تاک حەزی گەڕانەوەی هەیە بۆ زێدی باب و باپیران و خاک و نیشتیمانی خۆی)) (Milan Kundera, 2004,14-15).

لۆرا سەلمۆن (Laura Salmon) (١٩٧٢-.....) توێژەری ئەدەبی ئیتاڵیایی کارەکانی سەرنجیان لەسەر هەستە دەروونییەکان و پێکهاتەی هەستیی لە ئەدەبدا بووو نۆستالژیا وەک ئەزموونێکی هەستی و بیرکردنەوەی ئەدەبی شی دەکردەوە. بەدیدی (لۆرا سەلمۆن ) ((نۆستالژیا بریتییە لە گومانی پاک، ئەم گومانە هەم وەڵامێکە بۆ ئێستا هەمیشە بیر فەراهەم

دەکات بۆ هەستەکانی دەروونی نووسەرانی ئەدەبی. لە ئەنجام دەروونێکی پارادۆکسی و هەستێکی بوونگەرایانە یاخود بیروباوەڕێکی مۆنۆلۆگی وەردەگرێت)) (Laura Salmon, 2015: 24) ئەم تێگەیشتنەش لەنێوان ئەدەب و تێگەیشتنێکی زانستی دەروونی دایە، واتە ئەو بارە ڕەنگڕێژییە دەروونییە هەمان تێگەیشتن و نواندنەوەی لەناو تێکستدا هەیە و دەردەکەوێت. یەکێکی دیکەی ڕوانگەکان بۆ نۆستالژیا پەیوەندی بەناسنامەوە هەیە، بۆیە زیاتر وەک ڕابردوو بوونایەتی و ناسنامەوە دەڕوانێتە نۆستالژیا، هەروەک کۆمەڵناسی ئەمریکی فرید دیڤیس(Fred Davis) (1928-1997) کارەکانی لە چوارچێوەی ناسنامە، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە بوون و نۆستالژیای وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەتایبەتی لە کاتەکانی گۆڕانکاری و نائاسایی ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا شیکردەوە. نۆستالژیا وەک پرۆسەیەک دەبینێت، کە مرۆڤەکان لە ڕوانگەی دوێنێ یاخود ڕابردووەوە سەیری ناسنامەیان دەکەن بەتایبەتی لە کاتی گۆڕانکارییەکانی ژیان و ناهەمواری باری کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش یەکێکە لەو پاڵپشتیانەی، کە مرۆڤ کەلێنێکی ڕووحی و مەعنەوی بۆ دروووست دەبێت، بۆ ئارامگرتنی خۆی شوێنێک دەکاتە پەناگە، کە تەنیا لە خۆیەوە دیارە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە، کە پەیوەندییەکان دەکەونە مەترسییەوە(Fred Davis, 1979: 9,16.103) ئەگەرچی نۆستالژیا پەیوەندی بەڕابردووە هەیە و بەشێکە لە ناسنامەی بوونایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا بەتێگەیشتنێکی دیکە پەیوەندی بەلەبیرچونەوە و یادگەوە هەیە، دواتر لیندا هۆجین تیۆریستی کەنەدی و ئەدەبدۆست و ڕەخنەگرێکی کەلتووری (Hutcheon Linda) (1974) بەوتنی بۆ لەیادمانە ناسراوە، بە توێژینەوەکانی لەسەر پۆستمۆدێرنیزم، بیرەوەری و مێژووی نووسیوە نۆستالژیا وەک دیاردەیەکی کەلتووری و جوانکاری ئەدەبی دەبینێت، نەک تەنیا هەستێکی کەسی. لیندا هۆجین لە پێناسەکردنی بۆ نۆستالژیا دێتە گۆ و دەڵێت: ((نۆستالژیا بەشێوەیەکی یادگاری لە ڕابردوودا دەردەکەون. کەجی ئەم یادگارییانە، وەکو سەراب یاخود وەک کریستاڵ دەدرەوشێنەوە، ئەگەر کەسەکە زوو ئەم نۆستالژیایە یاداشت نەکات هەر زوو لە یادی نامێنێت و لەبیری دەچێتەوە)) (Linda Hutcheon, 1998: 20).

سڤیتلانە بۆیم (Svetlana Boym)(1959-2015) توێژەری کەلتووری، مامۆستای ئەدەب و مێژووی ئەمریکی بە ڕەگەز ڕووسی بوو. بە تایبەتی ناسراوە بە بیرۆکەی نۆستالژیا، وەک دیاردەیەکی کەلتووری، سیاسی و هونەری و جیاکردنەوەی نۆستالژیای (چاکسازانە) و (بیرکەرەوە) بەشێکی دیکە لەو پێناسانەی کە بۆ نۆستالژیا ئامادەییان هەیە، وەک دیاردەیەکی ئەدەبی لێی دەڕوانن لەوانە (سڤێتلانە بۆیم) دەڵێ: ((من نۆستالژیا وەک دڵتەنگی بۆ ماڵێک دەناسێنم، کە ئێستا بوونی نییە یان هەر بوونی نەبووە. نۆستالژیا هەستێکە بۆ لە دەستدانی شتێکە یاخود درکپێکردنێکە بۆسرینەوەی ئێستا، کە تێیدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرپرینی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

خۆشەویستییە بەخەیاڵ لەلای کەسێکی دیاریکراو)) ( Svetiane Poym, 2001:13). وێنەی نۆستالژیا وەکو وێنەیەکی سینەما وایە، کە خۆی بە تاقە وێنەیەک نیشان دەدات. لە ڕاستێشدا دوو وێنەی بەیەک گەیشتوون، وەکو تێکەڵبوونی ماڵ و دووری، ڕابردوو و ئێستا یاخود خەون و ژیانی ڕۆژانە. زۆر هەوڵدەدرێت ئەو دوو وێنەیە بە یەکەوە بخرێنە ناو یەک چوارچێوەی تابلۆیەکەوە، بەڵام دواجار چوارچێوەی تابلۆکە دەشکێت (Svetiane Poym, 2001:13).

کێشەی بەجێهێشتن و تاراوگەبوون و کۆچپێکردنی بەزۆرەملێ و ئاوارەیی هەموو ئەو دیاردانە پەیوەندیی قووڵیان بە زۆر کایەوە، هەیە، بۆیە لە خاکداڕن کێشەیەکی قووڵی مرۆڤە، دەکرێت مرۆڤ پەیوەست بێت بەو ژیان و گوزەرانەوە، کە لە ڕابردوودا هەیبووە، کۆزەینی دێتەوە گۆکردن و حەسرەت بۆ ئەو ژیانەی ئەوێ دەخوازێت، کە لە دەستی چووە. (مەهدی محەمەد ئەحمەد، تەلەڤزیۆنی نەورۆز، ٢٠١٥). سەرەڕای ئەو تێگەیشتنەی، کە نۆستالژیا پەیوەندی بەڕەهەندە دەروونییەکەوە بەهێزە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆر ڕەهەند و چەمک دیکە و زانستە مرۆییەکانی دیکە لە پەیوەندی دایە، وەک مێژوو و زمان و ئەفسانەناسی و دیاردەی شوێنگۆڕگێ و لێکەوتەی تراژیدیا و ئاوارەبوون و زۆرچەمکی دەروونی وەک نامۆیی و خەمۆکی و هەستی سادیی و ماسۆشی تەنانەت گێرانەوەناسیش بەتایبەتی شوێنکات و تایبەتمەندییەکانی دیالۆگ و مەنۆلۆگ لە گێڕانەوەدا سروشتێکی نۆستالژیان هەیە، یان نۆستالژ پشتی پێدەبەستێت، بۆیە لە نێوان ئەو کایانەدا بەناوبردن یان بەناو نەبردنی نۆستالژیا کۆی ئەو کایانە لەناو ڕاقەی نۆستالژیادا ئامادەییان هەیە، هەر ئەو تایبەتمەندییەشە ئەدەب بە نۆستالژیاوە دەبەسترێنەوە.

پەیوەندیەیەکی دینامیکی لە نێوان زمان و دەروونی مرۆڤ دروست دەبێت و مرۆڤ لەو حاڵەتە هەڵاوێر دەبێتەوە و کەرستەکانی زمان و کات و شوێن هەڵدەبژێرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا، بە کۆمەڵێک هۆکارگەلی سەردەمەوە، بێ ئۆقرەیی لە سەردەمی ئێستاماندا ڕوو لە زیادبوونە، کە مرۆڤ حەسرەت بۆ ڕابردوو بخوازێت ( ڤیان عباس اسماعیل، ٢٠١٤ :١٠ ).

لە ڕوانگەی (کات و شوێن)ەوە، وەک ڕەگەزێکی دیاری نۆستالژیا لە نێو دەقە ئەدەبیەکانیاندا هەیە، بەپێی قۆناغەکانی ئەدەبی ئەو ڕەهەندە دەرکەتووە، هەروەها شوێن چوارچێوەیەکە بۆ کۆکردنەوەی کۆیی پرۆسەی نۆستالژیا وابەستە بوون بە زێدی باب و باپیران و مرۆڤ هەموو کات خوازیارە بۆی بگەڕێتەوە (ئازاد محەمە سەحید، ٢٠٢٤: ١٦١) بەهەمان شێوە کاتیش پرۆسەیەکە بۆ دەستنشانکردنی کۆگوتاری نۆستالژیا وەدەرخستنی پێناسەی نۆستالژیا کە جیاکاری دەکات لە نێوان کاتی دەروونی ئێستا و ڕابردوو لە ناو خودی دەقدا، کاتی فیزیکی پرۆسەیەکە، کە تێپەڕبوو گەڕانەوەی بۆ نییە، هەر ئەمەش وادەکات لەهەر ئانوساتێک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دابێت نۆستالژیا بێتە بوون و لە زەینی نووسەردا و حەسرەت بخوازێت بۆ کاتی ڕابردوو. (عطا ڕەشید حسێن، ٢٠١٩: ٢) بۆیە شاعیران مەیلی بەرەو دیاردەی نۆستالژیایە، کە لە ئێستا هەڵدێت و پەنا بۆ ڕابردوو دەبات، هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو و بۆ دۆزینەوەی شتە ونبووەکانیان، بەجۆرێک دێنە قسەکردن و لەگەڵ ناڕەزایی خۆیان بۆ دەردەبڕن شیرینی یادەوەرییەکانی ڕابردوو بە زمانی ئیستا دەگێڕنەوە (سید ڕضا میراحمد-د.علی نجفی ایوکی- نجمة فتحعلی زادە، ١٣٩١هـ. ش/٢٠١٢: ١٥١)

ڕەگەزی ڕابردوو لە نێو ئەدەبیاتی نۆستالژیادا، وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت نەوەک تایبەت بێت بە نەتەوە و قۆناغێکی ئەدەبی. ئەوەی ڕەگەزی ڕابردوو جیا دەکاتەوە لەلای شاعیران تەنیا هەڵومەرجی کلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانییە وادەکات ڕابردووی شاعیرەکان جیاواز دەربکەوێت، واتا پەیوەندی بەو کۆزینیەی تاکەوە هەیە، کە چۆن بیر لە ڕابردووی خۆیان دەکەنەوە. ((بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکان پەیوەندی نێوان ئێمە و ڕابردوو دروست دەکات و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هەبوونی بیرەوەری لە لایەن هەر کەسێک شتێکی ئاسایی و سروشتییە، بەڵام کاتێک بە بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکان بۆ کەسانێک بگاتە ڕادەیەک، کەسەکە بەرانبەر بە واقیع ڕەشبین و نیگەران بێت، ئەوا کەسەکە هەست بە نۆستالژیا دەکات و حەسرەتی دووری و دڵتەنگی دەکات))(سۆران مامەند عەبدوڵا، ٢٠١٦:١١٥) ڕابردووی شاعیر بەبێ ئێستا هیچ واتایەک بە نۆستالژیا نابەخشێت بەهەمان شێوەش ئێستاییبوون بەبێ زەینی ڕابردوو ناتوانێت گوتاری نۆستالژیا بەرهەم بهێنێت.

## نۆستالژیا لە پەیوەندی زمانیدا

زمان بە ڕەگەزیکی دیار و سەرەکی دەقدا دادەنرێت، ڕۆڵێکی سەرەکیش لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیی دەگێڕێت ((زمان لە نێو شیعردا ئەرکی گەیاندن نییە، بەڵکو ئەرکی دروستکردنی گەمەیەکی هونەری و ڕەوانبێژییە، هەروەك (پۆڵڤالێری) گرینگییەکی زۆری بە زمانی شیعر دەدات و شیعر بە زمانێکی دیکەی نێو زمان دادەنێت (مستەفا ئاسۆعومەر، ٨٦:٢٠٠٩) ئەمە ئەگەر جارێک بۆ دەقی ئەدەبیی یان هەر دەقێکی تر ڕاست بێت، ئەوا بۆ بنیاتنانی دەقێکی نۆستالژیا دووجار ڕاستە، چونکە بەرهەمهینانی دەقێکی نۆستالژیا پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بە خودی کات و شوێن و زمان و ڕابردوو و ئایدۆلۆژیاوە هەیە. ((سەرجەم ڕەگەزەکانی شیعر زمان، ئەزموون، ڕیتم و وێنە هونەری، بە هەموویان لە ئەنجامی کارلێککردنیان دەقی ڕەسەن پێك دەهێنن)) (د. ئازاد عبدالواحد کەریم،٢٠١١: ٤٥-٤٦ ) لەو توخمە پێکهێنەرانەی ئەدەب، وەک نۆستالژیا بەبەشدار دەبێت. نۆستالژیا زیاتر لە دەقی تر خۆی وابەستەی زامان دەکات.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

نووسەر و شاعیران بەهۆی زمانەوە کۆمەڵێک دەسەواژە دەئافرێنن، کە واتا لەخۆگر بێت. زمان بەو خەسڵەتەوە خۆرسکانە دێتەگۆکردن، نووسەر یان شاعیر هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانی پەیوەندی دەلالەتەکانی چڕوپڕ و تێکچڕژاو دەکات، واتە ئەدەب بەهۆی تایبەتمەندیی زمانەوە، لەناو زمانەوە **دەلالەتەکانی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە شیعرەکەش شوێنێک دەستنیشان دەکات. باسی ئازار وتەنیاییەک دەکات بێئەوەی جۆری ئازارەکەی دەست نیشان بکات، خۆی دەخاتەوە حاڵەتێکی** ڕابردوو یادەوەرییەوە، وەک بڵێی تاراوگەنشینە و دووره نیشتیمانه و لە ڕێگەی لینکی زمان و دەروونییەوە خۆی دەخاتەڕوو (د. پەخشان سابیر،٢٠١٥: ١٥-٤٧) نەست وەک کۆگایەکی دەروونی و چەپێندراو، هەر ڕووداوێکی ڕابردوو لە ڕێی دەقێکی نۆستالژیا بە زمان و کەرستەی تایبەت دەخوڵقێنێت و دووباره دەگەڕێتەوە (دارا سلێمان، ٢٠٢٤). لە لایەکی دیکەشەوە پێکهاتەی هەر دەقێکی ئەدەبی لە ڕووی بەکارهێنانی زمان لە لای نووسەران لە یەکترییەوە جیاوازن، بۆیەش نووسەر بەهەڵبژاردن و بەشداریپێکردنی زمان، ئاگاییانە و نائاگاییانەیە دەکەوێتە ژێرباری گێڕانەوەی ڕابردوو ئەمبارکراوە زەنییەکانییەوە.

ئەو وێنە شیعرییەی لەلای خوینەر بنیات دەنرێت. تەنیا وێنەیەکی ئاسایی و بژاردەیەکی خۆویستانە نییە، دەبێتەوە بەشێک لەو کەرەستەی، کە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان شاعیری نۆستالژی و خوێنەر دروست دەکات. زمانی شیعری نۆستالژیا زمانێکی ئاڵۆز نییە، بەڵکو زمانێکە خوێنەر ئاشنایەتی بە کەرستەکانی نێو دەقەکەوە هەیە، لە پەیوەندییەکی هاڕمۆنیدا (د. ژوان عەبدلسەلام عەزیز گەردی، ٢٠٢٢: ١٨٨). بەلای ئێمەشەوە ڕۆڵی زمان لە تێگەیشتنی دەروونیدا گرینگە لە بەستنەوەی یادگەی ئەوانیدیکەوە، وێڕای ئەوەش زمان هەمیشە پێویستی بە چیرۆک و گێڕانەوەیەکی ئاڵۆز نییە، بەڵکو زمان لەناو هەستەکاندا لەناو زەمەندا هەموو ئەو بەریەککەوتنانە بەریەککەوتنی دەلالیان لێپێکدێت.

## هاوتەبایی زمان و کات لە ناو دەقی نۆستالژیای زماندا

کات پێگەیەکی گرینگی ڕابوونی هەست و سۆز و ورژاندنە. بەتایبەتی لە دۆخ و مەودایەکی درکپێکراودا لە نێوان ئێستا و ڕابردوویەکی بەسەرچوو دروست دەبێت. کۆمەڵناسێکی ئەمریکی فرید دیڤیس (Fred Davis) (1928-1997) کارەکانی لە چوارچێوەی ناسنامە و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە نۆستالژیای وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی شیکردەوە، بەتایبەتی لە کاتەکانی گۆڕانکاری و نائاسایی ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا. دەیڤس لە ساڵی (١٩٧٩) جەختی لەوە کردۆتەوە، نۆستالژیا پێویستی بە لێکترازن و دوورییەکی کاتی هەیە. نەک هەرئەوەندە، بەڵکو پێی وایە ئەو هەستە

تەنیا کاتێک ڕوودەدات، کە هەژموونی ژیانی پێشوو دووبارە بەچەمککردن بکرێ، ئەمەش بە هۆی پێدانی کاتەوە دەسازێ و دێتەگۆ ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی، یادەوەرییەکە ئاسان بکرێت و جۆرە نەرمی و ئێستاتیکایەکی پێدرێت. لە کۆتاییدا وەک دەقێکی نۆستالژیای ئەدەبی لە ڕێگای بەرزکردنەوەی هەستەکان، لە کاتی گێڕانەوەدا بمانخاتە ناودەلالەتەوە، بەمەش دەقەکە وا لە تاکەکە بکات، باسکردنی ڕابردووی خۆی بە مەبەستی پاراستنی ناسنامە و دۆخی دەروونی و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی بە ئەرێنی بکات، بۆیە دەقی نۆستالژی تەنیا بۆ دیاریکردنی ساتێک لە ساتەکانی مێژوو نییە(Fred Davis:1979,9-16)

زمان گرینگیەکی بنچینەیی لە دروستبوون و دەربڕینی نوستالژیادا هەیە، چونکە وەک نێوەندگیرێک لە نێوان بیرەوەری، هەست و دوورییەکی کاتی ڕۆڵ دەبینێت. بە پێی سڤێتلانا بۆیم، وەک توێژەرکلتووری و مامۆستایەکی ئەدەبی ئەمریکی نوستالژیا ((گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ڕابردوو نییە، بەڵکو دروستکردنەوەیەکی چیرۆکییە، کە بەهۆی دەربڕینی زمانییەوە سیما و شێوە دەگرێت، لەوەی کەوا بیرەوەری هەڵدەبژێردرێت و لێکدەدرێت، کەوا ئەمەش بە یارمەتی هەست و سۆزەوە هێزی پێ دەدرێت)) (Boym, S, 2001: 7-8). زمان لە ڕێگەی چیرۆکگێڕانەوە و متافۆرەکانەوە، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تاکەکان بیرەوەرییە پارچەپارچەکان بگۆڕن بۆ گێڕانەوەیەکی ڕاستی و لۆژیکی، زۆرجار ئەزموونەکانی بە بەرزتر لەخۆی یاخود وەک ئەفسانە دەگێڕێتەوە. ئەم پرۆسەیە وادەکات نۆستالژیا بتوانێت لە ئاستی تاک لە ئاستی کەلتوورەوە ڕۆڵ ببینێت. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو بیرەوەرییە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت و ناسنامە لە نێوان نەوەکاندا بپارێزێ و بەردەوامی پێ بدات. وەک بۆیم ئاماژەی پێدەدات، زمان تەنیا لە ڕابردوودا ناگێڕدرێتەوە، بەڵکو لۆژیکییانە و چالاکانە دووبارە دروستی دەکاتەوە و سیمای پێ دەداتەوە، بۆیە ئەمەش نۆستالژیا دەکاتە کردارێکی هزری و خەیاڵی، نەوەک کردارێکی گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینە. ( Boym, S, 2001: 7-8).

زۆربەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەری دۆکیۆمێنتکردنی یادەوەرییە. چرکەساتی کاریگەریی و تامەزرۆییەکانی خودە، کە بەشێکە لە کۆیادەوەری خەڵک و دەوربەری شاعیریش هەرئەمەش خۆی لە پەیوەندی بەخوێنەردا دەبینێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا هۆشیاری تواناى ئەوەی هەیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ببەستێتەوە و دایبڕێژێتەوە ڕێگە بە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ واقیع دەدات، ئەمەش یارمەتی ناسنامەکە دەدات بەشێک لە هاوسەنگی لەدەستچوو بەدەستبهێنێتەوە. بەواتایەکی دیکە ئەدەب کار بۆ بنیاتنانی یادەوەرییەکی کەلتووری بەکۆمەڵ دەکەن، بەجۆرێک هەموو کۆمەڵگە لە حاڵەتێکی حەسرەتی ئەو بەرهەمە هونەرییانە دایە (ألوان خليف محمود، ٢٠٢٤: ١٠٧).

نۆستالژیای زمان و زمانی نۆستالژیا

زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ ڕێکخستنی هەستەکان، بەڵکو خۆی بەشێکە لە دروستکردنیان. واتا هەستەکان تەنیا لە دەرەوە یان لە ناو جەستەوە نایەن، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە «پێکهاتە» دەبن. توێژینەوە نوێکان ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەن. چیرۆک و ڕیوایەتەکان توانایەکی زۆریان هەیە لە گۆڕینی ئەوەی، کە مرۆڤ چۆن هەست بە شتێک دەکات(A. B., Nook, E. C. & Cakar, M. E, 2020, 61-62). نۆستالژیا یەکێکە لەو هۆکارانەی لە گێڕانەوەدا، زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی کات دەپچڕێنێت، بەجۆرێک دەستپێک لە ڕابردوو نییە بۆ ئێستا و ئێستایەک نییە و ڕابردوو بگێڕێتەوە، بەڵکو گێڕانەوەیەکی بازنەییە خاڵی دەستپێکی، نییە، لە ئێستا بۆ ڕابردوو لە ڕابردوو بۆ ئێستا تەراتێن دەکات. (وفاء أحمد جابر أحمد، ساڵ: ٢٠٢٥، ٢٥٧٠-٢٥٧٣) یادگە، وەک ئەوەی کۆگای داکردنی زانیاری و پارێزگاریی زانیارییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مانەوەیە کۆمەڵێک ئەرکی دەروونیش دەبینێت. (لوغوف، جاك. ٢٠١٧، ١٠١) لەناو ئەو تایبەتمەندییەی کە نۆستالژیا وەک تایبەتمەندییەکی بەریەککەوتنی کات هەیەتی، لە ڕێی تەکنیکەکانی گێڕانەوە بەشداری کارایان هەیە، بەتایبەتی ئەو شێواز و تەکنیکانەی ڕەهەندی دەروونی دەگرنە خۆیان، وەک خۆدواندن و فلاشباک و خستنەبەرچاو بەریکەوتنی کات لە یەک ساتدا ڕوودەدات. مەودای نێوان زەمەن خێرا دەپچڕێت و بارە فیزکییەکەی کات، نایێتەوە جێی پرسیاری خوێنەر یان بیسەر.

زمانی نۆستالژیا (Language nostalgia / nostalgia Linguistic) وەک زمانەکانی منداڵی، زمانی کلتووری و کۆمەڵگە، یان زمانەکی پێشووی ئەدەبی و فۆلکلۆر و ئاخاوتنی توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە نواندنەوەی ڕابردوو لەو هەست و کاتانەی، کە دەبنە بەشێک لە گێڕانەوەی نۆستالژیای زمان، چونکە هەردووکیان لە مامەڵەکردنی نۆستالژیادا، جیاوازن. زمانی نۆستالژیا دەربڕینی هەست و نواندنەوەی ڕابردووە، زمانی نۆستالژیای زمان (Temporal Nostalgia) ئەو جۆرە هەست و بیرەوەرییە، کە کەسێک نەک بۆ شوێن و کەلتوور، بەڵکو بە خۆی کات و ماوەکانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە (Seldean Smith, 2024).

## تەوەری دووەم: نۆستالژیای زمانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لەناو بەرهەستی کاتدا

### - نۆستالژیای زمان لەناو بزاوتی گێڕانەوەی کاتدا

هەموو ئامادەبوونێکی ئێستای شیعر، چرکەساتی دەربڕینی ڕیشەیەکی گێڕانەوەییە لەناو ڕابردوودا. بارگاوییبوونی گێڕانەوە تەراتێنی ئێستا و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕابردووه. به واتایەکی دیکه هەموو له ئێستابوونێکی شیعری بەنده بەخاڵێکی دیکەی ئەزموونکردنەوه. ئەو ئەو ئەزموونه شیعرییه ڕاکێشان و گەیاندنی ڕابردووه به ئێستاوه. واته هیچ ئێستایەکی بێ ڕایەڵەی ڕابردوو له ئارادا نییه. ڕۆڵی ئەو ڕایەڵه، ڕۆڵی زمانه له دیاریکردنی سنوورەکانی ئێستا و ڕابردوودا، ناکرێت نۆستالژیا بەتەنیا، وەک مۆتیڤێکی گەڕنەوه بۆ ڕابردوو سەیربکرێت، له هەموو ئەو ڕایەڵه زمانییەی گێڕانەوەی پێ دەکرێت، بزاوتەکەی شیعرییەتی دەلالی زمانه، لەناو دەرکەوتەی ڕابردووی ئێستا و ئێستای ڕابردوودا زمان له وێناکردندا، له بزاوت دایه.

هەروەک شاعیرله دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منه) له تێکستی( کولیچه)دا دەڵێت:

**که ڕێدەکەنیت**

**دوو چاڵی بچووک له ڕوومەتت پەیدا دەبن**

**دەڵێی شوێن پەنجەی دایکمه لەسەر کولیچەی جەژن (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٣)**

ئەوەی له بەشی یەکەمی وێنه شیعرییەکەدا هەیه (که ڕێدەکەنیت/ دوو چاڵی بچووک له ڕوومەتت پەیدا دەبن) وەک وێنەیەکی بەرهەستی ئامادەیه، گوزارشتێکی ئێستایانەمان بۆ دەکات. لەو کۆپلەیەدا وێنەیەکی ئاسایی وەسفێکه سەرنجێکی ئەوتۆ له باری کات و جیاوازبوون و چی گوت نییه. دروستبوونی وێنەکه دروستبوونێکی هۆ و بەرەنجامی هۆیەکەیه، بەڵام ئەوەی شاعیر مەبەستییەتی له کۆپلەی دووەمدا فۆرمی وێنەکه دەگۆڕێت، چونکه له باری وێنەی یەکەمدا هیچ ڕەهەندێکی نۆستالژیی نییه، وەک وەسفی حاڵەتێک خۆی دەنوێنێت وێنەیەکی ئاسایی بزاوی بەرهەسته، چەمکی نۆستالژیا نییه، بەڵام کاتێک له دێری کۆتایدا شاعیر دەڵێت: (دەڵێی شوێن پەنجەی دایکمه لەسەر کولیچەی جەژن) لەم دێرەدا بەیەکەوه کۆکردنەوەی دوو وێنەیه، دوو وێنەی نا هاوپەیوەندن، بەپێچەوانەی ئەو جۆره وێنەیەی که لێکچووندا، ڕووی لێچواندن هەبێت، بەڵام وێنەی دووەم، که جۆری وێنەکه له ناو زمانی دەردەکەوێت. له یەکیان وێنەی بەرچاوی ئێستایه و وێنەی دووەمیان وێنەی ڕابروودی یادەوەرەیی نۆستالژییه، له وێنەی دووەمدا ئەگەر له باری سەربەخۆی و تەواوکەری کۆپله نەبێت، وێنەیەکی ئاساییه، بەڵام چرکەساتی ئێستای بینین، بزوێنەری وێنه و بیرکەوتنەوەی چرکه ساتی ڕابردووه، که زیاتر له وشەی جەژن دایه، له لای ئێمه وەک سیاقی کەلتووری وەک موسڵمان بەگشتی جەژن ڕەهەندێکی خۆشی هەیه و بەشێکه له کۆیادەوەری ئێمه.

بۆیە چرکەساتی نۆستالیژیا لەنێوان بەریەککەوتنی وێنەکان لە زەمەنی بینی ئێستایی و بیرکردنەوەی ڕابردوو دروست دەبێت، بەجۆرێک پەیوەندییەکانی نێوان دایک و جەژن پەیوەندییەکی ئولفەتی خۆشین، هەمیشە دایک لەناو ئەزموونکردنی شیعری و یادەوەری شاعیر ئامادەیی، هەیە، بۆیە پێکەنی و چاڵی پێکەنینیش لەلای شاعیر وێنەی ڕابردوو و ئەمبارکراوی شاعیر دەکات بە نۆستالژیا. ئەو یەکانگیربوون و پێکەوە کۆکردنەوەی ئێستا و ڕابردوو دەرکەوتەی چرکەساتی جوانی و چێژن. جوانی چاڵی ڕوومەت، وەک جوانی ئەو کاتە جوانە کە لەناو کاتی ڕابردوودا وێنا بکرێتەوە واتە جوانییەکە بەرجەستەکردنەوەیە لەناو ڕابردوودا. ئەم پێکدادانەی کات و کۆکردنەوەی وێنەکان ڕایەڵەی زمانە لە ناو ئەو بەریەککەوتنەدا، ئەمەش زمانە دەمانباتە ناو ڕابردوو و جوانییەکانی ئێستامانم بۆ سەرنجڕاکێش دەکات.

لە یەک کاتدا وشەی پێکەنینە بەرانبەر بە (جەژن) وشەی یەکەم واتای کاتی ئێستا و وشەی دووەم واتای کاتی ڕابردوو دەدات بەدەستەوە، هەردووکیان لە ڕووی زمانەوە دەلالەتی خۆشی و چرکەساتێکی خۆشی لەدەستچوو لە خۆهەڵدەگرن. لە ڕابردوو کاتێک دایک ئامادەیی هەبووە، خۆشییش ئامادەیی هەبووە، بەڵام کاتێک دایک وەک بکەر دەبێتە یادگاری ئامادەیشی دەبێتە نۆستالژیا لە ناو دەقدا، واتە ئەو چرکە ساتانەیە لەناو کاتدا بەرجەستە دەبنەوە. کە بەرهەستی ئێستا و ڕابردووە، شاعیر زیاتر مەبەستیەتی گەشانەوەی نۆستالژیاکەیە لە ئێستادا کە مەیلێکی چێژ و خۆشیبەخشی هەیە، هەروەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی (باوەش)دا لە کۆپلە (یەکەم)دا دەڵێت:

**پێم خۆشە دڵخۆش بیت**

**وەک ئەوەی جاران درهەمێکم لەناو جۆگەلە دەدۆزیەوە (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٤)**

هەمیشە لەناو زماندا بزاوتی دەلالەت ئامادەیی هەیە، ئەو جوڵە زمانییەی لەناو بەستنەوەی دووکاتدا هەن، وەک هیواخواستێکی دڵخۆشی لە ئێستادا، تامی دڵخۆشییەکی هەبێت، کە شاعیر لەناو ئەو کەرەسە زمانیانەوە بەدوای بەدیلی ئەو پێوانەیە دەگەڕێت، کە دەیەوێت هیواخواستنی دڵخۆشییەکەی پێ بپێوێت. پێوانی ئەو هیواخوستنە لە دەرەوەی زمانی نۆستالژییەکە هیچ واتایەکی نییە، واتە دۆزینەوەی دەرهەمێک یەکسان نییە، بەدڵخۆشی کەسێک کە هیواخواستنی دڵخۆشی بۆ بکرێت، بەڵکو دەبێت کەرەسەکانی ناو دڵخۆشی پێوانەی ئاستبەرزی بۆبدۆزرێتەوە، کە نزیک بێت لەو تێگەیشتنەی کە هەموومان لەناو جۆری ئەو وشە شیاوە دڵخۆشبوونەوە ئاشناییەتمان پێیەوە، هەبێت، بەڵام شاعیر لە دێری دووەم دەڵێ (وەک ئەوەی جاران درهەمێکم لەناو

جۆگەلە دەدۆزیەوە)، لێرە شاعیر بەدۆزینەوەی درهەمێک خۆشی خواستنەکەی بۆ دەکات، ئەوەی لەناو ئەو واتاپێدانە هەیە، نرخی درهەمێک یان دۆزینەوەی پارە نییە، بەڵکو نرخی ئەو خۆشییە کە جاران، هەستی پێکردووە و شاعیر لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا بۆ دڵخۆشبوونی بەرانبەری لە ئێستا ناتوانێن بۆ هیج وشەک بگەڕێت، بەڵکو هەموو ئەو خۆشییانە لە ناو ڕابردوو واتایان هەیە. شاعیر بە نۆستالژیای سەردەمی منداڵی کردارێک دێنێتە گۆڕێ، کە دۆزینەوەی درهەمێک بووە لە ناو جۆگەلەدا، لەم ڕوانگەی ملمانێیەش دڵخۆشی ئێستا دەخاتە خزمەتی کاتی ڕابردووی نۆستالژیاکە.

شاعیر بە دوو وشەی فەرهەنگی زمانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابردووی نۆستالژیا لەگەڵ ئێستادا قووڵتر دەکاتەوە، کاتێک شاعیر وشەی (جاران) وەک گەڕانەوەیەکی نۆستالژیا بەکاردەهێنێت، ئەوە دەرخەری ئەوەیە، تەنیا ئەوە نییە شاعیر بە ڕێگای نۆستالژیایەکی سادە و ساکەرەوە ئەو ململانەیە بەرپا بکات، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی وشە کردارییە فەرنگەییە زمانییەکەش ڕووبەڕووی ئێستا ببێتەوە و ئەو زاڵبوونە نیشان بدات، هەروەها لە وشەیەکی تردا، وەک وشەی (درهەم) کە زیاتر وەک کەرستەیەکی نۆستالژیا لەناو دەقدا، لێی دەڕواندرێت و دەرخەری ئەوەیە نۆستالژیا چۆن زاڵە بەسەر ئێستادا و براوەی ململانێیەکەیە.

ئەوەی گرینگە لەناو نۆستالژیای زماندا، دەرکەوتەی دەلالەتەکان لە چوارچێوەی وشەک یان زەمەنێکی گرێدراو بە گێڕانەوەیەک کۆنابێتەوە، بەڵکو لە پێکهاتەی زمانی نۆستالژیادا، بنیادە گشتییەکەش لە دەرەوەی ڕستە و دەستەواژەکان لە ڕێی پێکهاتەی فرەوێنەییەوە، وەک بەشێک لە پێکهاتە زمانییەکەدا، نۆستالژیایەکە زیاتر کاریگەر دەبێت، هەوەک لە ڕێی وێنەیەکی دیکەی (لە کۆشی دایک) لە ناو کاتێکی دیارکراودا، لە دەرەوەی دەربڕین و دووبارەکردنەوەی هەستی خۆی، کە خۆی لە دەلالەتی دۆزینەوەی دینارێکی ناو جۆگەلەوە دەدات، لێرەدا وەک لادانی کەرەسەی دیکەی خۆشی، کە بەشێکە لە مانەوەی یادەوەری و ئەزموونکردنی هەستی خۆشی، هیواخواستنێک بۆ بەرانبەرەکەی دەکات، ئەو بەرانبەرە نادیارەی، کە دەبێتەوە بەشێک لە وێناکردنەوەی نۆستالژیا لە ئەودا. هەروەک شاعیر لە دیوانی(ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(باوەش)لە کۆپلەی(دووەم)دا دەڵێت:

**وەک ئەوەی جاران، عەسران**

**منداڵێکی خزممان لە کۆشی دایکم لادەچوو خێرا خۆم دادەنیشتم (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٤)**

لێرەدا، وەک کاتی ڕابردوو لە زماندا، جارێکی تر وشەی (جاران) خۆی دووبارە دەکاتەوە واتە نۆستالژیاکە لە ململانێ لەگەڵ ئێستادا، بەهێز و کاریگەر دەردەکەوێت، ئەمەش پەیوەندی بە دێرەی سەرەوە هەیە، کە شاعیر دەڵێت: (پێم خۆشە دڵخۆش بیت) نۆستالژیا خەریکی ململانێیە لەگەڵ ئێستا وێنەی جۆراوجۆر دەخوڵقێنێت، وەک نۆستالژیا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە ڕابردوو دەردەخات، کە ژنان لە کاتی عەسراندا سەردانی یەکتریان دەکرد هەواڵی یەکتریان دەپرسی، ئەمەش دالالەتی ئەوەیە ئەو پەیوەندییەی لە ڕابردوودا هەبوو لە ئێستادا نەماوە، بۆیە هیواخواستنەکە دەبێت لەناو کاتێکی ونبووی جاران بدۆزرێتەوە، کە هیچ خۆشییەکی ئێستا وەک خۆی و ئەوسا نییە. شاعیر خۆشییەکانی ڕابردوو دەکاتە وێنەیەکی قەناعەتپێهێنەر بۆ کاتی ئێستا، بۆیەش بەردەوام ئەو نۆستالژیایە ئامادەیە بۆ ململانێ لەگەڵ ئێستادا.

لە کۆپلەیەکی دیکەی شیعری (ناوی تۆ ئیمزای تۆ منە) وەک بابەتێکی فرەوێنەیی تەواوکەر، کە لەگەڵ کۆپلەکانی دیکەدا، خۆیان لە ناو وێنەی منداڵیدا دەبیننەوە، ئەویش نۆستالژیایەکی غەمگینی چرکەساتی چێژبەخشی ناو کاتی گێرانەوەیە، کە شاعیر لە تێکستی(باوەش) لە کۆپلەی(سێیەم) دەڵێت:

**یان باوکم نەعلێکی تێدەگرتم و**

**بەر ئەو میوانە دەکەوت کە وێرای ئەوەی جەژنانەی نەدەدا**

**پێی دەگوتم**

**بۆ نوێژ ناکەی؟!( تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٣٤)**

لەم کۆپلەیەدا، وێنەیەک نیشاندراوە لەناو سزای سەربزێوی و منداڵییەتی چێژێکی ئێستایی بەستراوە بەسزای ئەوەی بەشداری لە خۆشی منداڵیدا نەکردووە، وەک نەبەخشینی جێژنانە و زۆرلێکردنی نوێژ. تورەییەکانی ڕابردووش بەشداری جێژی ئێستا دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی نۆستالژیا لەناو زمانی نۆستالژیادا لە پەیوەندییەکانی ئەو مۆتیف و وێنانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە زمان لە پێکهاتە و بنیادی دەلالی دەقەکەدا، لەناو زەمەنی ئێستا و ڕابردوودا وابەستەی کردوون، بە بەکارهێنانی وشەی (ژینگەی منداڵی، کۆشی باوک، سزاکانی باوک) لەناو کاتێکی ڕابردووی پەیوەست بە ژینگەی کۆمەڵایەتی (جاران، عەسران)، (جۆگەلە و ماڵ و میوان، دراوسێ)، کە هەستخرۆشی و جێژی ئێستان، لەناو ئەو ئێستایەدا شاعیر وێنەیەکی دیکەی ئێستای خۆشی نابینێتەوە، کە کەسی بەرانبەر (تۆ) دڵخۆش بکات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## - دەلالەتەکانی غەمگینی نۆستالژیا لە بەریەککەوتنی زمان و کاتدا

لە هەندێ باری نۆستالژیادا، لە ساتەوەختی ئێستادا غەمگینییە و ڕابردوو دەبێتەوە سەنتەری خۆشییەکان، وەلێ بە تەنیا ئەو دیوە نییە، ڕابردوو هەستخرۆشی بێت، بەڵکو دیوێکی دیکەی ناو نۆستالژیا، غەمگینییە. نۆستالژیای غەمگینی دیوێکی دیکەی هەڵدانەوەی یادگەیە لە ناو وێنە و زماندا، بە پێچەوانەی ئەو سۆز و گەڕانەوەیە، کە بیرکەوتنەوەی ڕابردوو یان چوونەوە ناو ڕابردوو یان تێکشکاندی زەمەنەکانی و ئاوێتەکردن بێت. نۆستالژیا گەڕانەوەیەکی غەمگینییە لەناو حەسرەتەکانی ئێستای شیعرەکانی تەلعەت تاهیر و بەرجەستەکردنەوەی غەمگیینەکانی ئێستایە، لەناو ڕابردوودا هەندێکجاریش پێچەوانەیەتی، وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی (حەزێک بەردەوام دێتە دی) لە کۆپلەی (دووەم) دەڵێت:

**بێ ئەوەی کەس بزانێت،**

**هەیە زستانان بە بۆنی شێلمی سەر عەرەبانەیەک**

**کە کاتی خۆی بە ڕۆژە شیرینەکانی گەنجێتی، تاڵ**

**شێلمەکانی لابردووە. (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٧٠)**

بەیەکداچوونی کاتی ئێستا و ڕابردوو لە ڕێگەی زمانەوە درک پیدەکرێت، ئەو زمانەی کە لەناوخۆیدا بەجۆرێکە، کە هیچ لە وشە فەرهەنگییەکان نابنەوە خۆیان، جگە لەوەش ئەو دانە فەرهەنگیانە لەناو کاتدا بە ڕابردوو و ئێستا گوزەر دەکەن، ناسنامەیەکی نۆستالژییان هەیە، دەکەونە ناو کۆپەیوەندی یادەوەری کەسی و گشتییەوە، وەک وشەی شێلم لەناو دەستەواژەی (شێلمی سەر عارەبانەکان) وشەکە لە ڕووی فەرهەنگییەوە، وەک خواردن و ڕەگەزێکی ڕووەکی داماڵدراوە، لە یەک کاتدا لەناو دوو زەمەنی ئێستای تاڵ و ئەوسای شێلمی تاڵ، وشە فەرهەنگییەکە لەناو کایەی زماندا دەبێتەوە گوتار، کە لە پەیوەندی زمانیدا، دەلەلالەتەکانی بەرهەم دێننەوە. ئێستای تاڵ و شیرنی گەنجییەتی، تامی شێلمی وەک تاڵی دەرخستووە.

کاتێک شاعیر لە دەقەدا دەڵێت: (**هەریەکەمان لەناخەوە شتێک ئەزیەتمان دەدا**) لەم دێرەدا کردەی (ئەزیەت) وەک کردەیەکی ڕەمەکیی دەروونی، لە ژینگەی جیاواز و کاتی جیاوازدا گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئەم کردەیە وەک کردەیەکی گشتی دەروونییە لە لای مرۆڤ، بەمەش یارمەتیمان دەدات بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو و حەسرەت بۆ ئەکاتە بخوازین، کە لە دەستمان چووە، یان خەریکە لەدەستمان دەچێت. بەیەکداچوونی ئێستا

و ڕابردوو وەک کات لە نێو دەقە نۆستالژیاکەدا، هەڵگری بوونیاتی زمانەکە نیشاندەدات. لە گۆشەیەکی دیکەی نۆستالژیا لە ڕووی زمانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن زمان وەک کرداری ڕابردوو لە دەقێکی نۆستالژیادا، دەردەکەوێت. بەبێ ئەوەی کردارەکە ئامرازێکی ڕابردوو بە خودی وشەکەوە لکابێت.

لە کۆپلەیەکی دیکەی تێکستی شیعری (ناوی تۆ ئیمزای منە) دەستەواژەی هەر لە (منداڵییەوە)، هەڵگری ڕابردوویەکی نۆستالژیایە دوو ڕەهەندی دەلالی هەڵدەگرێت، یەکێکیان پەیوەستە بە کۆپلەی (**هەریەکەمان لەناخەوە شتێک ئەزیەتمان دەدا**)، لە لایەکی دیکەشەوە، بینینی مەینەتییەکانی باوک وەک سۆزی غەریبی و غەمگینی شاعیرە، هەر لە منداڵییەوە، تا ئێستا درێژبوونەوەی هەیە، بۆیە کات، وەک ڕابردوو هەمیشە لە ئێستادا ئامادەیی هەیە.، وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی (حەزێک بەردەوام دێتە دی) لە کۆپلەی (پێنجەم)دا دەڵێت:

**من، لە منداڵیەوە بینینی خاکەناس ئەزیەتم دەدا**

**باوکم بیردەکەوێتەوە کە لە باخی دەوڵەمەندەکاندا**

**کرێکاری دەکرد. (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٧٠)**

بەیەکداچوونی ئێستا و ڕابردوو لە ناو درێژبوونەوەی ڕابردوو دایە، لە ڕێگەی زمانەوە لە وشەی (خاکەناس) بەبەشداریکردنی هەستی بینین، گەڕانەوەیەکی نۆستالژیایانەی غەمگینی بەهۆیەوە ڕوودەدات ((مرۆڤ لە کوێ دەژی و ئەزموون دەکات، یان کوێ جێ دەهێڵێت و کوێ لە بیرەوەری خۆیدا، لەگەڵ خۆی دەبات و لە کوێوە بیری کۆ دەکاتەوە و نۆستالژیایانە و مێژووییانە و کەلتوورییانە بەرهەمی دەهێنێتەوە)) (ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠١٦: ٤٢). ئەو ئەزمونکردنە وەک هەستی بینین بەدرێژای ئەو تەمەنە بووە بە سۆزێکی نۆستالژیای غەمگینی، دواجار دەبەسترێتەوە بە تاڵی ژیان و هەژاری باوک. شاعیر هەر لەو کۆپلەیەدا، کاتێک دەڵێت (باوکم بیردەکەوێتەوە) ئەوەش دەرخەری ئەوەیە، بەهۆی ئەو وشە فەرهەنگییانەی شاعیر بەکاری هێناون، کە پرۆسەی بیرهاتنەوە لە زەینی شاعیر چێژ و خۆشی ئێستا لەناو دەقەکەدا دەبات، دواتر شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی (حەزێک بەردەوام دێتە دی) لە کۆپلەی (شەشەم) بەو چەشنە دێتە گۆ و دەڵێت:

**ئەوسا بەدڵ حەزم دەکرد بمرم و ببمە خاکەناسێکی**

**سوک**

**گەورەبووم و نە بوومە ئەو کەسەی دەمەوێ تۆشم نەما**

**ئیتر خۆشبەختانە حەزەکەم هاتە دی (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٧٠)**

دەکرێت بڵێین هەموو ڕابردوویەک نابێتە نۆستالژیا، بەڵام هەموو نۆستالژیایەک هەڵقوڵاوی دواوەی کاتی ئێستایە، نۆستالژیایەک لە بنیاتی خەیاڵی ڕابردووە سەرچاوە دەگرێت، لە باری زمانیشەوە خاکەناسێکی سووک وەک هاوکاری بۆ بارسووکی سەرشانی باوک، دەبێتەوە خۆزگەیەکی داهاتوو، وەلێ خۆزگە زەمەنی داهاتوو دەبنە و ڕابردوو و ئێستا لەناو یەککاتدا، لە دێری دواتر کە شاعیر دەڵیت: (گەورەبووم نەبوومە ئەو کەسەی دەمەوێ) دیارە دوو کات بە دیاردەکەوێت، ئەوەش بە پاڵپشتی وشەی (ئەوسا و گەورەبووم) هەردوو وشەکە لە ڕووی زەمەنی یارمەتیدەرن، کە لەم دەقەدا بەیەکداچوونی ئێستا و ڕابردوو درک پێدەکرێت و لە کۆتا دێری کۆپلەکە تەواوی بەیەکداچوونەکە کۆدەکاتەوە و دەڵێت: (ئیترخۆشبەختانە حەزەکەم هاتەدی) بەیەکداچوونەکە ئەوەیە کە چیتر باوکی نابینێتەوەخاکەناسی قورسە دەست بداتێ، ئەم حەزە لەگەڵ گەورە بوونیدا، هاتۆتە دی ئەوەی تریان بۆ کاتی ئێستایە، کە شاعیر ئامادەیی تێیدایە، کە ژیانی لە باوکی قورستر بەڕێدەکات.

هەندێک لەو تێگەیشتنە شیعرییانە دەبێت لە چوارچێوەی زمان و بەجێماویی ناو کات دەلالەتەکانیان دەربکەون، یەک لەو تەوەرانەی شاعیر، وەک بارێکی نۆستالژیا ئەزمونی دەکات. هەژارییە، هەژاری لە دەوەی خۆی و هەژاری لەناوەوەی خۆی، ئەوەی پەیوەندی بەهەژارییەوە هەیە لە ڕێی زمانەوە هەژاری خۆی دەنوێنێتەوە، وەک شاعیر لە دیوانی(ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی (حەزێک بەردەوام دێتە دی) لە کۆپلەی (سێیەم)دا دەڵێت:

**هەیە بەدیمەنی سینی پاقڵاوەی سەر سەری منداڵێک، کە**

**کاتی خۆی ئەویش لێی ڕژاوە و هەتاهەتایە یادەوری بۆ**

**پاک ناکرێتەوە (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٧٠)**

حەسرەتی جێگیربوون و ئەزموونکردنی وێنەکان، بەندە بە غەمگینی هەژارییەوە. ئەو وشە فەرهەنگییانە بەکاری دەهێنێت، دەستگێڕی وەک سینییە پەقڵاوە وێنەی قۆناغێکی دیاریکراوە، کە لە شعرەکەدا، بە وشەی جاران، وەک کاتی ڕابردوو نادیار کراوە. لە ڕێی زمانی گێرانەوە و پاکنەبوونەوەی یادەوەری بەشێکە لەو دەلالەتەی غەمگینی نۆستالژیایانە، بەدیوێکی دیکە لەناو زمانی دەقەکەدا، شاعیر دەیەوێت نۆستالژیای ئەوانی دیکە بنووسێتەوە، واتە شاعیر حەسرەتی ئەوانی دیکەی نۆستالژییە. ((دیاردەی نۆستالژیا کاریگەرییەکانی زیاتر لای نووسەران

بەدیار دەکەوێت و ئەوان زیاتر لە خولیای غەمە قووڵەکانی مرۆڤایەتی دان، هەربۆیە بەرهەم و نووسینەکانیان بوونەتە سەکۆیەک بۆ تەوزیفکردنی ئەم غەمە گەورە ئینسانییە و گەڕان بەدوای نەوایەکی ئارامدا)) (ئاوارە کەمال صالح، ٢٠٢١:٥٠) ئەو بەناو یەکداچوون و درکپێکردنێکی دەروونییە هاوچارەنووسییە لەناو ژیانێکی دیاریکراوی ئەو وێنانەی دیکەی هەژاری کە شاعیر، وەک تراژیدیایەکی خەندەئامێز وێنایان دەکات، لەناوە و دەرەوەی خۆیدا کۆپەیوەندییەکی نۆستالژیایانەی زمانە و هەڵگری وێنەیەکی غەمگینە. غەمگینی نۆستالژیای شاعیر تەنیا هی خۆی نییە، بەڵکو لەناو غەمگینی ئەوانی تر غەمگینی نۆستالژیاینەی خۆی دەخاتەڕوو، وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(حەزێک بەردەوام دێتە دی) لە کۆپلەی (چوارەم)دا دەڵێت:

**هەیە بە بینینی عامودێک، کە کەس شعوری ئەوەی نییە**

**فەرمووی دانیشتنی لێبکات (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٧٠)**

لەناو دوو وێنە و دوو کاتی جیاوازدا لە لای شاعیر، منداڵێک پاقلاوە بەسینیەکەوە بەسەر سەریەوەیەتی (کەس شعوری ئەوەی نییە فەرمووی دانیشتنی لێبکات)، ئەوەی تریان پەیوەستە بەتەمەنی بەساڵاچوێک و تاقەتی ئیشکردنی نەماوە، بەهەمان شێوە (کەس شعوری ئەوەی نییە فەرمووی دانیشتنی لێبکات) لەناو ئەو پێکگەیشتنە سێ کارەکتەرییەدا یەکێکیان منداڵە، ئەوەی تریان پیاوێکی بەتەمەنە، ئەوەی سێیەمیان شاعیر خودی خۆیەتی دەیەوێت لە کۆپەیوەندی هەژاریدا، خەڵکی دیکەی سەردەمانی پێشووتر، وەک خوێنەر بەشداری پێبکات دەیانخاتە ناو نۆستالژیا، بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە سەردەمێکی غەمگینانەی نائاگاییانەی خۆیانەوە.

**- ئاستەکانی زمان لەناو کۆپەیوەندی نۆستالژیادا**

زمان لەناو دەقدا، تەنیا دانەیەکی زمانی نییە، بەڵکو هەڵگری خەسڵەتە ئایدیۆلۆژی و کالتووری و مێژووییەکانیشە، بەتایبەتی بەکاربردنی زمان لەناو دەقی ئەدەبیدا، چیتر زمان نایێتەوە بە دانەی فەرهەنگی و سینتاکسی ناو زمانەوانی و یان فەرهەنگی (قاموسی) زمان، بەڵکو زمان بەشێکە لەو ئەزموونکردنەی هونەری و دەلالییانەی ناو ڕەهەندی بەرفراوانی ئێستاتیکیای ئەدەب، کە لە ڕێی شێواز و مەزراندنی جۆراو جۆرە، ئەو مۆرکە دەلالیانەی دەخاتەڕوو کە هەمیشە بوارێک بۆ خوێنەر و بەشداریکردنی خوێنەر دەهێڵێتەوە. لەناو زماندا ((خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دەردەکەون، بەجۆرێک ئاستی گوتار و ئاقاری ململانێی کۆمەڵایەتی و دژکاری چینەکان پیشان دەدات، ئەو زمانەش لە ئاستی

وشە و هێما و ڕستە و شێوازە گێڕانەوەییەکاندا، خۆیان نیشان دەدەن. ناکرێت ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە، وەک ڕەنگدانەوەی ناو دەق سەیر بکرێت، وەک ئەوەی لە پەیوەندییەکانی ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵکو زمان ئەو ئاقارە کۆمەڵایەتی و کێشە و ململانێ و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو لە ڕێی زمانەوە بەرهەم دێن، لە ڕێی زمانیشەوە دەخوێندرێتەوە)) (هەڵمەت بایز ڕەسول، ٢٠٢٤:٧). زمان لەناو نۆستالژیادا یان زمانی نۆستالژیا زمانێکی پچڕاوی پێکهاتەی فەرهەنگییە، لەناو کۆپەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری ڕیشەی هەیە. ئەگەرچی لە لای تاکە کەسێکەوە، وەک شاعیر گوزارشتی لێدەکرێت، وەلێ پریشکی ئەو دەلالەتانە دەچنەوە ناو کۆنەستی گشتی، کەم تا زۆر ڕەهەندێکی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و دەگرێتە خۆی.

## ١. ئاستی فەرهەنگی[١]:

لەناو زمانی شیعریدا، دانەی فەرهەنگی جۆراوجۆرهەن زۆرجار ئەو دانە فەرهەنگییانە، وەک شێوازی شیعریش خۆیان نیشان دەدەن، لە لایەکی دیکەشەوە هیچ یەکێک لەو دانە فەرهەنگییانە هەمان ئەو دانە فەرهەنگییانە نابن، کە لە ناو فەرهەنگی زمانەکە دان، بۆیە وشەی، وەک دەف، دهۆل، نان کۆن، سەوزایی باخچە، گوند، شار، کەلانە، حەوشە، بەشێک نین لە واتای سەربەخۆی فەرهەنگی، بەڵکو دواجار ئەو وشانەی شاعیر، وەک دانەی فەرهەنگی ڕیزیان دەکات و دووبارەیان دەکات و ناویان دەبات، لەناو پێکهاتییەکی گشتیی دەق و کۆپەیوەندی زمانی دەق ڕاڤە دەکرێن، لە لایەک لە ئاستی واتای فەرهەنگی خۆیان دەبەستنەوە بە واتا کەلتووری و سیاقە کۆمەڵایەتییەکان و دەرکەوتەیان لەناو مێژووی کەلتوورێکی دیاریکراودا، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو دانە فەرهەنگییانە دەچنەوە ناو دەلالەتەکانی ناو ئەو وێنە و مۆتیڤانەی، کە دەقێک لە ڕێی ئەو دانە فەرهەنگییان واتای دیکەی ناو ڕستەو دەرپراوەکان لە دەرەوەی بەشداری ئاساییانەی دانە فەرهەنگییەکان واتا دەبەخشن.

کاتێک شاعیر دەچێتەوە ناو زەمەن و دەقێکی نۆستالژیایانە دانە دەدات، لەناو دانە فەرهەنگییەکانەوە وەک ئاستی فەرهەنگی دیوە نۆستالژیایەکەی خۆی دەخاتەڕوو، وەک لە کۆپلەیەکی دیکەی تێکستی (ناوی تۆ ئیمزای منە)، وەک شاعیر لە تێکستی (دڵۆپە)دا دەڵێت:

**سەرم شۆڕکردۆتەوە و بەگریانەوە بۆت دەنووسم**

**ئەو مۆبایلەم وەکو ئەو قاپە فافۆنە دێتە بەر چاو**

**کە داپیرەم زستانان لەژێر دڵۆپەی سەقفەکەی دادەنا. (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٣٠٢)**

لێرە لەباری فەرهەنگیدا قاپی فافۆن، چیتر لەناو دەقدا، جۆرێکی قاپ نییە، لەناو جۆرەکانی قاپ و دەفردا، بەڵکو لەناو خودی وشە فەرهەنگییەکەدا، ئاماژەیەکی ناوچەیەکی جوگرافی و سەردەمێکی دیاریکراوی گوند و خانی قوڕ و قۆناغەکانی پێش نەوتەکان دەردەخات، ئەو کاتانەی باران دەباری خەڵکی لەبەر سولاوکەی خانوو لە کاتی باران قاپ و تەشت و مەنجەڵێکیان دادەنا، بەمەبەستی کپکردنەوەی دەنگی وسلاوکە و نەشۆرانی عاردی قورینی بەردەم سولاوکە یان هەندێکجار ئاوە کۆکراوەکەشیان بۆ پێویستییەکانی دیکەی دەرەوەی خواردنەوە بەکاردەهێنا، کەواتە دانە فەرهەنگییەکە بەو واتا مێژوووی و کەلتوورییانەی لێی بارکراوە، واتای فەرهەنگییەکە وەلا دەنێت، بەڵکو لەناو ئەزموون و یادەوەری شاعیرەوە لەناو قووڵایی بەسەرچوون ڕابردووەوە قاپەکە دەبێتەوە وێنەیەک لە ژیانی ڕابردوو. شاعیر قاپەکە، وەک دانەیەکی فەرهەنگی دەکێشێتەوە ناو سەردەمی ئێستا، قاپ لەبەرانبەر مۆبایل، باران لەبەرانبەر فرمێسک، ئێستا لە بەرانبەر ڕابردوو و هەستخرۆشی لەبەرانبەر غەمگینی، هەموو ئەو تێگەیشتنانەی شاعیر لە ڕێی ئاستی فەرهەنگی شیعرییەوە بەرەو دەلالەت و ڕەهەندە فراوانەکانی دەلالەتی دەق پەلە دەهاوێژن.

هەر لەسەر ئاستەکانی زمان لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویيدا، نۆستالژیا دەمانباتەوە ناو کۆپەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، کە زۆر لە وێنەکانی ڕابردوو، وەک دانە و ئاستی فەرهەنگی ناو یادەوەریمان هەن، ڕەنگە ئێمە ڕاستەوخۆ پەیان پێنەبەین، وەلێ کاتێک دێتەوە ناو تێکستێکی ئەدەبی بەشداری ئەوانیدش پێدەکات، کە بەشێکن لە کۆیادەوەری، لەناو بەژداری و بیرکەوتنەوە لەڕێی هەستەوەرەکانمان لەو ساتەوەختە دامان دەپرێت. واتە ئاستی فەرهەنگی زمانی دەق بە بەشداری ئاستی فەرهەنگی دەبێتە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ شوناسی ناسینەوەی بنیاتنانی نۆستالژیا لەناو دەقی ئەدەبی، تایبەتمەندی نۆستالژیا، کە بەهێڵی زمەنی لە ئێستا و ڕابردوودا، دەمانکێشێت، وەک شاعیر لە کۆپلەیەکی دێکەدا، وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(ستایش) لە کۆپلەی(دووەم)دا دەڵێت:

**هێندەی دایکم یەکسان خواز نەبوون**

**کاتێک لە ناو مەنجەڵێکی مسی سپیکراوەوە**

**موعجیزەی لەئاو دەکرد و دەورمان دەدا**

**سێ هێلکەی کوڵاوی بەسەر حەوت منداڵدا دابەش دەکرد (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٥٨)**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نۆستالژیا لەم دەقەدا، لە ڕێی ئاستی فەرهەنگی بەسەر دوو جۆری زمان دابەش دەبەێت، یەکێکیان ناسینەوەی فەرهەنگی وشەکانە، دواتریش دەرکەوتنی دەلالەتی تێکستەکە و مەبەستەکەیەتی، کە لە ئاستی واتای وشەکان بۆ ئاستی ڕستە و دەستەوژاو بنیاتی دلالی گشتی دەقەکە درێژ دەبێتەوە. وشەکانی وەک (مەنجەڵی مس، سپیکراو، دەورەدان، سێ هێلکە) لە فەرهەنگی ئەو وشانە دەلالەتی دیکەی پشتی وشەکان ئامادەیی هەژاری و قۆناغێکی پێش هەشتاکانە، کە خۆی لە بەکارهێنانی مەنجەڵی مسی سپیکراو دەبینێتەوە، ئەو وشانە ئاماژەیی کۆمەڵگە و خێزانی هەژار و تەبایی و کۆبوونەوە و چاوەڕوانییەکانی دەستی دایک و تێربوونی زگی منداڵەکان، بەشێکن لەو ڕەهەندە واتاییەی پشتی واتای ئاسایی فەرهەنگی وشەکان دەکات، لە لایەکی دیکە واتای ئەو دانە فەرهەنگییانە بۆ دەلالەتەکانی دیکەی بنیادی دەقەکەدەمان دەبات و گوتاری ناو دەقەکەشمان بۆ کەشف دەکات. دایک دەبێتە بکەری یەکسانخوازی نێو دەقەکە، کە لە ڕێی نۆستالژیاوە لەناو ڕابردووی دەردەخات، بەراوردی دەکات بە سەرکردەکانی ناو مێژووی دونیا، کە هەبوون و شۆڕشیان کردووە لە پێناو یەکسانخوازیدا، بەڵام وەک دایکی شاعیر یەکسانخواز نەبوون، ئەو نموونە نۆستالژیایە بوونایەتییەکی ڕووحی شاعیر پیشان دەدەن، کاریگەرییەکانی ڕابردوو لەناو دونیای ساختەی ئێستا زۆر پربەهاترە، ئەگەرچی ژیانێکی هەژاریش هەبوو یان ڕابەرایەتی مافی ژن لە ئێستا هیچ لەو ڕۆڵ و بەهایانەی ژنیان نییە، بەشێکی ئەو دەلالەتانە لەناو دانە فەرهەنگییەکانی نۆستالژیاوە دێنەوە ناو دنیای ئێستاتیکی ئەدەبییەوە.

### ٢. ئاستی دەلالی:

بەشێکی دیکە، کە گرینگە لەناو پێکهاتەی زمانی دەق، لە دەرەوەی فەرهەنگی وشەکانی ناو هەر تێکستێکی ئەدەبی ئاستی دەلالییە، ئەو ئاستەی، کە زیاتر خۆی لە دوای ئاستی فەرهەنگی دەبینێت و دەبێتە تەواوکاری ئاستی فەرهەنگی، زۆرجار ئەو ئاستە فەرهەنگییە لە پەیوەندییەکانی ئاستی دەلالی و گوتاریدا، زۆرتر شوناسی دەلالی دەق فراوانتر دەبێت.، بەتایبەتی ڕۆڵی خوێنەر زیاتر لە ئاستی دەلالی و گۆتار دەردەکەوێت.

بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دق پێویستە لە ئاستی فەرهەنگی دەربچین، ئاستی دەلالی لای پێرزیما تەواوکەری ئاستی فەرهەنگییە، چونکە ئایدیۆلۆژی و دەلالەتەکان لەناو پێکهاتەی ڕستەو بەش و بنیادەکانی دیکەی دەرەوەی وشەی فەرهەنگی دەردەکەون. لەناو گێرانەوەکاندا، ئاستی واتایی زیاتر خۆی دەردەخات، ئایدیۆلۆژیا و پەیام مەبەستەکەش زیاتر لە ئاستی دەلالی دەردەکەوێت. زمانی دەق لەناو تێکستدا، بەسەر زۆر چین دابەش دەبێت، کە لە ئاستی

فەرهەنگی وشەکان دەچێتە دەرەوە و لە ئاستی واتایی ئەو دابەشبوونە چینایەتییە دەردەکەوێت. (لوقمان مقديد احمد، ٢٠٢٥: ٦١-٦٥) لە ئاستی دەلالی خوێنەر ڕۆڵی هەیە، لە پەیوەندییەکانی دەقدا، لەبەر ڕۆشنایی بەراوردکردنی سیما سەرەکییەکانی وشەکان و سیما کەلتوورییەکانی لە مێشکی خوێنەردا، هەن و واتاکان دەدۆزێتەوە، چونکە شاعیر سیمای وشەی ئاخاوتن دەگۆڕێت، وشەکە دەخاتە ناو کلێگەیەکی واتای دیکەوە. (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٤٢٧-٤٢٩)

تەڵعەت تاهیر لە کۆپلەیەکی دیکەی ناو ئاستەکانی زماندا، وەک شاعیر لە دیوانی( ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(چوارچێوە)دا دەڵێت:

**چەند جارێک تێبینی ئەوەم کردووە**

**ئەو منداڵانەی وێنەی دایک هەڵدەواسن دیوارەکەیان تەقیوە (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٦١)**

لەناو تێبینیکردنی شاعیردا، وەک بینینی وێنەی واقیعی و ئەزموونکردنی شاعیر لەناو خەیاڵی خۆیدا، بەشێکە لەو داکردنە نۆساڵژیایانەی لەناو زماندا، هەڵگیراون، بەبەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی (هەڵواسینی وێنەی دایک و دیواری تەقیو) بۆ ئاستی دەلالی دەمان بات، کە تەنیا دەستەواژە و وشە فەرهەنگییەکان بەس نین بۆ ئەوەی بزانین شاعیر دەیەوێت چی بڵێت، بەڵکو لە پەنای ئەوەدا، شاعیر هەمیشە گەڕانەوەیەکی نۆستالژیایانەی هەیە، ئامادەبوونێکی بزرە، وەک تێکستەکانی دیکە نەیبەستۆوە بە کاتەوە، بەڵکو کاتەکەی لەناو وێنە و دەستەواژەکاندا، بزرکردووە. ئێمە لەو داکردنە وێنەییانەوە دەرک دەکەین دیواری تەقیو دیوارێکی ڕابردووە، دیوارێکی هەژارانەیە، ئەو دیوارەی، کە لەناو هەژاریدا، واتایەک هەیێت بۆ ئولفەت وەفای منداڵەکان، دایکە. ڕەنگە شاعیر بۆ دوورتری ئەو دەلالەتە چونەناوەی ڕابردوو لەناو بەراورد و ئێستادابینینی، دەیەوێت بڵێت ئەستەمە لە ئەمڕۆدا، کەسانێک هەبن، بە لەدەستچوونی دایکی وێنەک لە ژوورەکەی هەڵبواسێت، بەڵکو ئەو کردارە دەکاتە نۆستالژیای گشتی لە ڕابردوودا، لەگەڵ دابونەریتی ئەوسا و جۆری ژیانی هۆگری و وەفایی خۆی پەیوەست بووە. لەبارەی دایکیشەوە لەڕوانگە و پێگەی کۆمەڵیەتییەوەلە ئێستا جیاوازە، وەک ئەوەی ڕابردوو، چونکە ئازارەکانی لەدەستدانی دایک لە ڕابردوودا، خەسڵەتی سارد و سڕی ماڵی بەخۆوە دەدیت، بەڵام ئێستا لەبری هەڵواسینی وینەی دایک دەیانبەن بۆ خانەی بەساڵاچوان.

دیوێکی دیکەی ئەو دەلالەتە لە پەیوەندییەکانی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە، وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(تین)دا، دەیخەینەڕوو:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**وەکو هەنجیر**

**هەندێ قسەی شیرینی تۆم وشک کردۆتەوە**

**بۆ ئەو کاتانەی لێرەنی (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٦)**

شاعیر لەناو وێنە و کردارە وێنەییەکانی ڕابردوودا، قەرزی زمان دەکات، ڕەنگە ڕاستەوخۆ گەڕانەوەی ڕابردوو و نۆستالژیا ڕاشکاوانە نەبێت، بەڵکو وێنەی ناو یادەوەری، وەک کەرەسەیەک لە ڕێگەی نۆستالژیای زمانەوە، وەک هەنجیری وشکراو دەخاتە دوتوێی مەبەستێکی خۆی، ئەو دەلالەتە نۆستالژیایە دوورتر دەمان بات کە تەنیا گەڕانەوە نییە، بەڵکو لەناو وێنەیەکی ڕابردوو، خەیاڵێکی نۆستالژیاکەی لەسەر بنیات دەنێت، کە دەڵێت (هەندێ قسەی شیرینی تۆم وشک کردۆتەوە) لێرەدا، دەلالەتێکی نۆستالژیایی لەسەر زمان بنیات دەنێتەوە، دەستەواژەی (قسە وشکردن) وەک کەرەسەیەکی دەلالی زمانی جێگای نابێتەوە، بەڵام ئەو ئاماژە نۆستالژیایە بەهۆی داکردنی یادگەوە زمان دەخاتە دووتوێی دالالەتەوە. لەناو کۆپەیوەندی زمان و قسەکانی بیردەکەوێتەوە و دڵنەوای خۆی دەداتەوە .ئەو کەسەی خۆشی بۆکردووە لە ئێستادا، بۆ دڵخۆشی دێنێتەوە یادی خۆی.

شاعیر لە بارێکی دەلالی نۆستالژیاییدا، کاتێک دەڵێت (بۆ ئەو کاتانەی لێرە نیت) بکەرێک هەیە لەناو زماندا، وەک ناو دەرنەکەوتووە، بۆ کاتی ئێستا کە نائامادەییە، لەناو یادگە و ڕابردوودا، وەک نۆستالژیا، وەک هەنجیری وشکراو، دەلالەتی کاتی لە ئێستا ئامادەییان دەبێت و لە لای شاعیر دەبێتەوە نۆستالژیا.

لە نمونەی دیکەی ئاستی دەلالی بۆ ئاستی واتایی لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە)، وەک شاعیر لە تێکستی(شەمائیل)دا دەڵێت:

**بەگەردەنت**

**بیری ئەو کێکە زەردەم دەکەوێتەوە**

**کە لە منداڵیدا**

**داپیرەم بەدزی هەژاریەوە دەیدامێ (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ٢٩٩)**

وشەی زەرد لە ڕووی فەرهەنگی زمانییەوە هاوڵناوێکی سادەی زمانی کوردییە، بەراوردکردنیشی بە گەردەن وەک دەڵێن (گەردەن زەرد)، هەم دیسان زەرد وێناکردنەوەی بێگەردی و جوانی جەستەییە، بەڵام شیعر لەناو زماندا، بەتەنیا وێنە و لێکچوونەکان دیار ناکات، واتە نایەوێت بەهۆی زەردی و لێچوونی گەردەن و زەردی ناو زمانی کوردییەوە، وەک ئیدیوم و

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

خوازەیەک ئەو زەردییە قەرزبکات، کە ئەمە بارێکی ئاسایی قسەکردنی ڕۆژانەیە، بەڵام شاعیر ئەو فەرهەنگ و تێگەیشتنە زمانییە دەگۆڕێت لەناو زمانی نۆستالژییە شیعرییەکەی خۆیدا، وەک ئاستی دەلالی لە فەرهەنگی وشەوە و سیاقی زمانی کۆمەڵایەتی دەری دەکات و دەیخاتە دوتوێی سیاقێکی خودییانەی ناو نۆستالژیا، بەجۆرێک ئەو تێگەیشتنە زۆر واتاو ڕەهەندی دەلالیمان بۆ کەشف دەکات. لەوانە لە کۆنەستی هەژاریدا هەمیشە خواردن کەرەسەی قەرزکردنە بۆیە شاعیر لەناو بەستێنێکی هەژارییەوە باری ئێستای خۆشیی دەبەستێتەوە بە بارە خۆششییەکانی ناو وێنە ڕابردووەکەی سەردەمانی هەژاری، کە داپیرەی لەناو هەژاریدا، دونیای خۆشی منداڵ تێک نادات،، بۆیەشە لای شاعیر دەبێتەوە هەستخرۆشی نۆستالژیا، ئەو وێنە خۆفەرزکردنانە وێنەی نائاگایین، لەناو یادەگەوە پەیوەست بە نۆستالژیاوە، لەباری ئێستاییدا هەمیشە ئامادەییان دەبێن.

### 3. ئاستی گوتاری (ragmatic / Discursive Level)

پەیوەندیدار بە گوتار فۆرمێک لە ئایدۆلۆژیا. فۆرمێکە، کە لە ڕێگەی کەناڵی زمان و نمایشەوە ڕوودەدات. زمانەوانی و شێوازەکانی ئەم نمایشە لە قسەکردن و نووسیندا، وشە و واتاکانیان لێ وەردەگرن. بابەت ململانێی واقیعی و پرس و کێشەکان لە شێوەی گوتاری جۆراوجۆر دەردەکەون. ئەوەی پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیا و ئەدەبەوە هەیە، وەک بنیادێکی هزری کۆمەڵایەتی دەرکەوتنی لە هونەر و ئەدەبدا، دەرکپێکراوە. لای جۆرج لۆکاش بنیادی دەق و بنیادی سیاسی و ئابووری هەیە، ئەمەش لە ڕێی سیمبولەکانەوە دەردەکەوێت، نەک پەیوەندییەکی هەروا سادە و ساکار نییە، وەک لویسان گۆڵدمان پێی وایە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی، وەکو خۆی (السعيد عموري، ٢٠١٢-٢٠١٣،:٤٥-٤٧، ٥٢).

چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە گفتوگۆ و نووسین و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا، وەک یادی منداڵی، لە بازاڕ، باخچە و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و دەمەزراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خێزانی و زۆری دیکە دەکرێت وێنە و دەربڕین و زمان و چنینی زمانییەکەی ناو ئەدەب، وەک گوتار سەیر بکرێن. نۆستالژیا لە باری گێڕانەوەییدا، ئەوەی لە شیعر جیای دەکاتەوە لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی، لاوازی و ناچالاکی زمانە، یەکانگیربوونی زمان لەگەڵ توخمە بەشدارییەکانی نۆستالژیادا، وەک شوێن و گێڕانەوە و کات و حەسرەت و چرکەساتی خۆشی و لەدەست چوون و بەجێمان لەناو یادەوەریدا، بۆ ڕەتکردنەوەیەکی ئێستایی لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی نۆستالژیادا گرینگن، بۆیە ئەو کاریگەرییە ئێستاتیکییەی نۆستالژیا بەرجەستەی دەکات و لەناو کاریگەرییەکانی زماندا خۆی دەردەخات. بۆیە وەک هەردیوێکی دیکەی شیعری و گێڕانەوەیی بەتایبەتی ئەو دەقانەی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەناو زماندا، ئامادەییان هەیە، لەگەڵ چنینی و گێڕانەوەیەکی ئەدەبی و زمانی تایبەت وەردەگیرێن، هەمیشە ئامادەیی ڕەخنەیی و کرانەوەی گوتاری دەلالی هەلومەرجی ڕەخساویان زیاترە، لەناو نۆستالژیای شیعر دیوە گوتارییەکە گرینگە، چونکە هەمیشە لە نۆستالژیادا، لەناو بەریەککەوتنی زماندا، بەریەککەوتنی کاتیش ئامادەییان هەیە، بۆیە دەکرێت خوێندنەوەی نۆستالژیا لەناو خوێندنەوەی ئاسایی گێڕانەوەی ڕابردوو بسوێ و ئەو گوتارە کەشف بکات، کە ئاقارێکی ئێستاتیکی و مەعریفی کاریگەر لەپشتی تێکستەکەوە کەشف بکات. بە نموونەی چەند کۆپلەیەکی وەرگیراوە ئەو تێگەیشتنە شەنوکەو دەکەین، وەک لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی (میراتگری حەبیبە) لە کۆپلەی (یەکەم)ی شعرێکی تەڵعەت تاهیردا هاتووە:

**ئەوسا گەنج بووم برازایەکی بچووکم هەڵدەدایە ئاسمان و**

**دەمگرتەوە**

**پێدەکەنی و بە پێکەنی پێدەکەنیم (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١١٢)**

نۆستالژیا وادەکات مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و شاعیر بەتایبەتی لەناو کاتدا بەجێ بمێنێت یادەوەرییەکانی ڕابردووماڵی ساردی ئێستای پێ گەرم بکاتەوە، ئەمە غەریزەی مرۆڤە ڕووداوێکی سادە بکاتە فەزایەکی گەورە بۆ ئەوەی مەبەستی تری پێ بپێکێت، وەک ئەو دەقەی لە بەردەستمان دایە باسی کاتێک دەکات، کە لەدەستی چووە یاخود باسی تەمەنێک دەکات، کە تێپەڕیوە ئەویش تەمەنی گەنجییە هەموو ئەمانە هەڵگر و پەیامی بەجێمانە لەناو کاتدا. ((شیعری نوستالژی دیاردەیەکی ئەدەبییە کە شاعیران پەنایان بۆ بردووە و کردوویانەتە وێستگەیەک تا بتوانن لە ژیانی هەنووکەییاندا ڕزگاریان بێت و بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوویان لە ڕووی دەروونییەوە ئاسودەیی بەدەست بهێنن)) (حەسەن سەرباز، ١٣٩٨: ٢٠٧). وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(میراتگری حەبیبە) لە کۆپلەی(دووەم)دا دەڵێت:

**باوکم لەگەڵ ئەوەی زۆر کەمدوو بوو، دەیگوت: تۆش بە**

**منداڵی حەزت بەوەبوو هەڵتدەم و بتگرمەوە (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١١٢)**

دەرکەوتنی باوک، وەک بکەرێک لە ناو نۆستالژیای زماندا، خەیاڵێکە لە بەجێمان لەناو کاتدا، واتە هێشتا بەخەیاڵێکی نۆستالژیایانە شاعیر باوکی دێنێتە قسەکردن، ئەم قسەکردنەی باوک دوو جار نۆستالژیایە، چونکە لەناو خەیاڵی نۆستالژیاکەشدا، باوکەکەش دەچێتەوە نێو کاتی ڕابردووی خۆی، کە چۆن پێشتر شاعیر بچوک بووە و هەڵیداوەتە ئاسمان و

گرتوویەتییەوە. وێڕای کەمدوویی باوک کە نوێنەرایەتی سام و هەیبەتی باوک دەکات، وەلێ شاعیر دەیەوێت هەردوو نموونەی هەڵدانەکە بەپرسیارنە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە شاعیر دواتر ئەو کاتە دەپچڕێنی و لەناو ئاوەژووکردنەوەی زەمەندا، شاعیر دەیەوێت ئەو هەڵدانە، وەک گۆشکردن، بکاتەوە هۆشیارییەک، کە مرۆڤ لەناو، پەروشی بەپرسیارانە دڵخۆشکردنی ئەویتردا، خۆی بەدوورتر و کاریگەرتر و بەبەرپرسیارانە بزانێ، وەک شاعیر لە دیوانی(ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(میراتگری حەبیبە) لە کۆپلەی(سێیەم)دا شاعیر دەڵێ:

**لەوساتەوە، هەستم کرد جارێک لەو جارانە هەڵیداوم و**

**نەیگرتوومەتەوە (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١١٢)**

لەم کۆپلەیەدا، تەواو دەقەکە خۆی لە سەر کۆمەڵیک ڕووداوی تراژیدیای سیاسی و کۆمەڵایەتی کاتی ڕابردوو بە پاڵپشتی ڕووداوەکانی مێژووی خودی دەبینێتەوە، لە ڕێگەی زمانێکی ئەدەبیانە خۆی وێنا دەکات. لەم کۆپلەیەدا هەموو دەرچەکانی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە کارەکتەری باوکە، بەپرسیارانە لە سنورێکی بەرتەسکدا، وەلێ شاعیر دەیەوێ بڵێ دڵخۆشکردن بەس نییە، بەڵکو ئەو سنورە دڵخۆشییە فراوانتر دەبێت لەپێناو ئەوانی دیکەدا، دەبێتە نیگەرانی و بەرپرسیارییەکی دیکەی گەورەتر. ئەو دەلالەتە زمانی و نۆستالژیایە بەجێماوە لە ناو کاتدا، دەبێتە کۆگوتاری دەقەکە، بۆ ئەوەی ئێستای پێ ڕاڤە بکاتەوە، وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(میراتگری حەبیبە) لە کۆپلەی(چوارەم)دا هەوەک دەڵێ:

**ڕۆیشتووم .. پارچەیەکم بۆتە ئەو گەنجە ئەنفالکراوەی، سی**

**ساڵە هەموو شەوێک پیرەژنێکی گەرمیانی جێگەیەکی بەتاڵ**

**لە تەنیشت خۆی ڕادەخات و چاوەڕێی هاتنەوەی دەکات (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١١٢)**

کاتێک شاعیر دەڵێت: (پارچەیەکم بۆتە ئەو گەنجە ئەنفالکراوە) پەیەمەکە ئەوەیە لە هەر ڕووداوگەلێکی ئێستا لە ڕووی سیاسییەوە دووبارەبوونەوەی هەمان ژیانی ڕابردووە، وەک پرس. شیعر لەناو دەقدا، شوناسی خۆی دەگۆڕێت. بۆیەش شوناسەکە دەبێتە گەرمیانییەک، یاخود بڵێین شاعیر درکی بەوە کردووە ئازاری ئەو پیرەژنە چەندە ئازاربەخشە، بەو هەموو ساڵە هێشتا جێگا بۆ کوڕەکەی لە تەنیشت خۆیەوە بۆ ڕادەخات و چاوەڕێی ئەوەیە بێتەوە هەموو ئەمانە دەلالەتی زمانی دەخاتە پاڵ دەقە نۆستالژیاکە و وەهاش وێنا دەکریت پیرەژنەکەش لە ناو کاتی ڕابردووی نۆستالژیادا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەجێبمێنێت. وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(میراتگری حەبیبە) لە کۆپلەی (پێنجەم)دا دەڵێت:

**پارچەیەکم بۆتە ڕوخساری ئەو دۆستەی، پیرەمێردێک لەبەر**

**دەرگای مزگەوتێکدا بەدیار فرۆشتنی پاکەتێک مووسەوە**

**لەبەر خۆیەوە حەیرانی بۆ دەڵێت .. بێئاگا لەوەی ئێستا لەم**

**جیهانەدا ناوک نا، باو باوی سەر بڕینە (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١١٢)**

لەم کۆپلەیەدا، ڕووخساری شاعیر و پیرەمێردەکە دەبنە هەڵگری دەلالەتەکانی کاتی ڕابردوو و بەجێمان لە ناو کاتدا، چونکە ئەوەی لە ڕابردوو بەناوی ژیان و ئازادی بۆیان هەوڵدا بەرهەمەکەیان نەدوورپیەوە، دەکرێت شاعیر درکی بەوە کردبێت لە ڕووی سیاسییەوە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا هەیە دریژکراوەی هەمان سیاسەتی ڕژێمی بەعس بێت، بۆیەش دەقەکان لە ڕووی نۆستالژیاوە ئەو پارچە پارچانەی کۆبکاتەوە و وێنەیەکی گشتی بەجێمان لە ناو کاتدا، وێنا بکات.

جینۆسایدکردنی ڕابردوو جەستەی بوو لەلایان دەسەڵاتێکی غەیری ناسنامە و شوناس و نەتەوەی خۆت، بەڵام جینۆسایدکردنی ئێستا بە دەستی دەسەڵات و شوناس و هاوزمانی خۆتە لێرەدا جینۆسایدکردن بەشێوەیەکی گشتی دەروونییە و ناهیڵێت ئاسوودەبی و بلێی ئۆخەی، بۆیە تەواوی هزری شاعیر لەناو دەقەکەیدا، بەجێمانە لەناو کاتی ڕابردوو.

کەرستەکان لەناو ئەو کۆپلەیەدا لە ڕووی زمانییەوە بۆ نۆستالژیا واتاهەڵگریی تریان هەیە، وەک وشەی مووس، کە لە ڕابردوو بۆمەبەستی ناوکبڕین بەکار دەهات پەیوەست بوو بەبنیاتی ژیانی مرۆڤەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو ژیانە ئامادەیەی نییە، بەڵکو سەربڕین و مردن جێگای گرتۆتەوە ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە لەناو دەقەکەدا، هەموو کارەکتەرەکان، وەک بکەر بەشاعیریشەوە بەجێدەمێنن لە ناو تابووت و ترسی مردن حەسرەت خواردن بە ڕابردوو لەلای شاعیر خۆشی نییە، بەڵام ئەوەی ڕێگەی مردنی پیشاندەدات هاونیشتیمانی خۆی نییە، بۆیە حەسرەت بە ڕابردوو دەخوازێت دووژمنەکەی ئەو ڕێگایەی پیشان بدات، ئەمەش وادەکات بەردەوام دەق و نووسەر و خوێنەریش لەناو کاتی ڕابردوودا بەجێبمێنن. وەک شاعیر لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای منە) لە تێکستی(تێبینی)دا دەڵێت:

**بە توورەیی باسی خۆشەویستیت دەکرد**

**لەو دارتاشە دەچوویت**

**لانک درووست بکا و**

**بزماریشی بەلێو گرتبێ (تەڵعەت تاهیر، ٢٠٢١: ١٨٩)**

دەلالەتی نۆستالژیا لەم دەقەدا هەرچەندە وێنە گشتییەکە دەردەخات لە ڕێگەی کەرستەی زمانەکەوە، نەوەک خودی زمانەکەوە، کە چۆن وشەیەک هەڵگر و واتای نۆستالژیا دەدات شوبهاندنی کردووە لە نێوان دوو وێنەی جیاوازی نۆستالژیا یەکێکیان ڕووخساری خۆشەویستەکەیەتی، کە ڕووخساری گرژکردووە ئەوەی تریان ڕووخساری دارتاشەکەیە، وەک دیارە ڕووخساریان گرژ دەردەکەوێت.

ئەو ڕەفتارەی کچانی کورد هەیانبووە بەشێوەیەکی گشتی پابەندبوونەبووە بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە، بۆیەش شاعیر لە ڕێگەی بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕابردووی نۆستالژیا پێ ئەولاتر بووە لە پەیوەندی خۆشەویستی ئێستادا. واتە شاعیر بەدوای وردترین وێنەدا گەڕاوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە زەمەنی خۆی تەنانەت پەیوەندییە دڵدارییەکانی ئەو کاتەش لە ئێستادا چێژی زیاتری هەبووە.

بەدەرلەوەش شاعیر کاری دارتاشی بە مەبەست بەکار هێناوە، چونکە دارتاش تەنیا لانک درووست ناکات، بەڵکو کۆمەڵێک کەرستەی تریش درووست دەکات، یەکەمیان درووستکردنی لانک لە کۆمەڵگەی کوردیی مێژوویەکی دووروودێژی بە کەلتوورییەوە هەیە و پەیوەستە بە ژیانی کوردەوارییەوە شاعیر دەیەوێت لە دەلاتە گشتیەکە بڵێت چۆن لانک درووستکردن لە ڕابردوو هەبووە و ئێستا نەماوە، یان کەم بۆتەوە، ئاواش پرۆسەی دڵداری مانای خۆی نەماوە، وەک ڕابردوو بۆن و تامی ژیانی لێناکرێت.

**ئەنجام:**

- نۆستالژای زمان لە هەرسێ ئاستی فەرهەنگی و واتایی و گوتاری لەناو دۆخی ڕابردوو و داندانی فەرهەنگی و ڕستەیی و وێنەیی، دەلالەتە گوتارییەکانی ئێستا و کەموکورییەکانی ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری وەک دۆخێکی کۆپەیوەندی دەرخستووە.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

- زمان ڕۆڵی بزاوتی دەلالی هەیە، هەموو ئەو وێنە و یادگانەی بەشداریان لە پێکهێنانی نۆستالژیای دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای من) کردووە و دەبنە پێکهاتەیەکی گرینگی نۆستالژیای زمان، کە تەنیا بیرخستنەوە، گەڕانەیەکی ڕابردوو نییە، بەستنەوەیەک و تێکشکاندنی کاتە لە ناو دەلالەتی شیعریدا.
- لە دیوانی (ناوی تۆ ئیمزای من) گێڕانەوە بە هەردوو دیوی هەستخرۆشی و غەمگینی لە سەرجەمی تێکستەکانەوە لەناو زماندا، ئامادەن، بەهەردوو جەمسەری حەز و خۆشییەکانی ڕابردوو و ئێستاییەکی نوێباوی سەختی و ناخۆشتر لە جاران وێناکراوە.
- لەبەریەککەوتنی کاتدا واتە لەناو ڕابردوو و ئێستادا نۆستالژیای زماندا تایبەتمەندییەکی ئایرۆنی ڕەخنەیی هەیە. لە کۆپەیوەندی (سیاق)ێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسی دەلالەتەکانی بەرهەم دێنەوە، لە نێوەندگیری کاتی ئێستا و ڕابردوو دەرکەوتوون، بەگشتی بووە بە تایبەتمەندییەکی نۆستالژی.

[1] پیێر زیما لە ڕوانگەی تیۆری (کۆمەڵناسی دەقی)دا وەک لەناو کۆمەڵناسی ئەدەبی سێ ئاستی (فەرهەنگی و دەلالی و گۆتاری) دیاری دەکات. بەلایەوە هەموو دەقێک لە سیاقێکی کۆمەڵایەتی و بارودخێکی زمانی لە دایک دەبێت، لەناو زماندا ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەبنەوە، هەموو ڕستە و دەربڕین و گوتارێک دەرخەری دیوە ئایدیۆلۆژیا و ڕەهەندە چینایەتی و سیاقی کۆمەڵایەتی و زمەنین لەناو دەقدا. ئەو تێگەیشتنەش لەناو زماندا ئامادەیی هەیە. ڕوانە: بيار ف. زيما، النص والمجتمع آفاق علم اجماع النقد، ت. انطوان أبو زيد، ط١، النضمة العربية للترجمة، بيروت، (٢٠١٣).

لیستی سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:


ئازاد عبدالواحد کەریم (٢٠١١) *ڕەنگاڵەکانی دەق، پڕۆژەیەکی ڕاڤەکاریی چەند دەقێکی ئەدەبییە.* چاپی یەکەم، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

ئازاد محەمە سەعید (٢٠٢٤) شوێنکات لە کورتە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش). *زانکۆی گەرمیان*، ل١٦٢.

ئاوارە کەمال صالح (٢٠٢١) نۆستالژیا لە ڕۆمانی (ئەلوەن و ئەفسانە)ی مامۆستا جەعفەردا. *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*، ئەیلولی، بەرگی٨، ژ٣، ل٤.

پەخشان سابیر (٢٠١٥) تەوەرە سەرەکیەکانی شیعری زیندان. *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*، ژ٤٧.

تەڵعەت تاهیر(٢٠٢١) *ناوی تۆ ئیمزای منە*. چاپی یەکەم، هەلێر، چاپخانەی فام.

حەسەن سەرباز (١٣٩٨) شێوەکانی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا. *پژوهشنامە، ادبیات کردی*، دورە پنجم، شمارە٧، ل٢٠٧.

دارا سلێمان، (٢٠٢٤) *هۆکاری بوونی زمان لە ڕوانگەی دەروونناسی پەرەسەندنەکییەوە*. کوردستان پۆست. ڕێکەوتی دوا سەردانی١٥ کانونی دووەم٢٠٢٦ https://www.facebook.com/daray.sleman.7

دەسەڵاتد. ژوان عەبدلسەلام عەزیز گەردی (٢٠٢٢) *شێواز ناسی ئەدەبی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

دەسەڵاتد. سۆران مامەند عەبدوڵلا (٢٠١٦) *نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

ڕێبوار سیوەیلی (٢٠١٦) *خوێندنەوەی فەلسەفییانەی ئەزموونی شیعری*. چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

سۆران مامەند عەبدولا (٢٠١٦) *نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی عەبدولا پەشێو/ئەنور قادر محەمەد/ سەباح ڕەنجدەر*. هەولێر، بڵاوکراوەی ناوەندی ئاوێر.

شێروان حوسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر(٢٠١٠) *دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان*. چاپی یەکەم، هەولێر.

عطا ڕەشید حسێن (٢٠١٩) ڕەگەزی کات لە بنیاتنانی دەقی شانۆیی (چێژ لەمەرگتان وەردەگرم). *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، خولی٦، ژ٣، ل٢، ڕێکەوتی دوا سەردانی١٥ کانونی دووەم٢٠٢٦ لە: https://doi.org/10.24271/garmian.19631

عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی _ د. عەلی تاهیربەرزنجی (٢٠٢٤) *کلیلدان (فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

ڤیان عباس اسماعیل(٢٠١٤) *نۆستالژیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی (نالی- سالم- کوردی).* نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە بەشی کوردی.

لوقمان مقدید احمد (٢٠٢٥) *بنەما ڕەخنەییەکانی کۆمەڵناسیی دەقی لە ڕۆمانەکانی (مەحموود نەجمەدین)دا بە پێی تیۆری پیرزیما و کلود دوشیە، نامەی ماستەر*، بەشی کوردی فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

مستەفا ئاسۆعومەر(٢٠٠٩) *بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر*. چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.

مەهدی محەمەد ئەحمەد (٢٠١٥) *هۆکارەکانی لەخاک داپران*، دیداری تەلەڤزیۆنی نەورۆز. ڕێکەوتی دوا سەردانی١٥ کانونی دووەم٢٠٢٦ https://www.facebook.com/handren.ahmad.7?__tn__=-UC

نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد (٢٠١٥) *فەرهەنگی زاروەکانی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکان*. ناوەندی غەزەلنووس.

هەڵمەت بایز ڕەسول (٢٠٢٤) کۆمەڵناسی دەقی لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا)ی (ماردین ئیبراهیم)دا بەپێی ڕوانگەی تیۆری پیر زیما. *گۆڤاری زانکۆی هەڵبجە*، ئەیلول، بەرگی٩، ژ٤، ل٧ ڕێکەوتی دوا سەردانی ١٥ کانونی دووەم ٢٠٢٦ لە: http://doi.org/10.32410/huj-10429

سەرچاوە عەرەبییەکان:

ألوان خليف محمود، النستالوجية في الرسم الامريكي المعاصر، مجلة فنون الرافدين
مجلد ١ عدد ٢ (٢٠٢٤): المجلد ١ العدد٢، ص١٠٧،

بيار ف. زيما، النص والمجتمع آفاق علم اجماع النقد، ت. انطوان أبو زيد، ط١، النضمة العربية للترجمة، بيروت، (٢٠١٣).

د سيد ڕضا ميراحمد- د.على نجفى ايوكى- نجمة فتحعلى زاده، *اشكال الحنين الى ماضى فى شعر بدر شاكر السياب*، مجله دراسات فى اللغه العربيه وادبها، فصليه، الحدد الحادى عشرخروف ١٣٩١هـ. ش/٢٠١٢.

السعيد عموري، *الكتابة والتشكيل الأيديولوجي في الرواية العربية المعاصرة - دراسة نقدية أيديولوجية*، دكتوراه، جامعة الحاج لخضر – باتنة كليـة الآداب واللغـات، قسم اللغة العربية وآدابـها، ٢٠١٢-٢٠١٣، ص٤٥-٤٧، ٥٢.

لوغوف، جاك. (٢٠١٧م). التاريخ والذاكرة، ترجمة جمال شحيد، ط ١، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.

وفاء أحمد جابر أحمد، *النوستالجيا وحركية السرد في المجموعة القصصية "شال أحمر وقبعة صفراء "لمحمد عسيري*، العدد ٥٩ ابريل لسنة، المجلة العلمية بكلية الآداب، ٢٠٢٥، ص ٢٥٧٠-٢٥٧٣

سەرچاوە فارسییەکان:

مهدی شریفیان، *مجله زبان و ادبیات فارسی*، سال پینجم، بهارو تابستان، ١٣٨٦.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

A, B., Nook, E. C. & Cakar, M. E., 2020. *The role of language in the construction of emotion and memory: A predictive coding view*. In: R. D. Lane & L. Nadel, eds. *Neuroscience of Enduring Change: Implications for Psychotherapy*. New York, NY: Oxford University Press, pp.61–62. oi:10.1093/oso/9780190881511.003.0004. OUP Academic

Boym, S. (2001). The Future of Nostalgia. New York: Basic Books, pp. 7-8

Davis, F. (1979). Yearning for Yesterday: A Soclogy of Nostalgia. New York: Free Press, p. 8.

Fuentenebro; de Diego, F; Valiente, C (2014). "Nostalgia: a conceptual history". History of Psychiatry. 25 (4): 404–411. doi:10.1177/0957154X14545290. PMID 25395438

Dissertation medica de nostalgia ،Johennes Hofer1688, pp.15

Lgnorance،Milan Kundera2000, pp. 14-15

Svetlana Boym, S. (2007). The Future of Nostalgia. Basic Book. ،p7

Seldean Smith ,The Linguistics of Nostalgic Language: How Language Reflects Our Past, Sep 17, 2024. https://dayinterpreting.com/blog/the-linguistics-of-nostalgic-language-how-language-reflects-our-past/

The future of nostalgia ،Svetiane Poym, 2001, pp.13

Svetlana Boym, S. (2007). The Future of Nostalgia. Basic Books

Yearning for yesterday sociology ‹(Fred Davis)1979, pp. 9-16/101-1 nostalgia

(Linda Hutcheon) 1998, pp. 20

Chronotopes of Affectivity in literture‹ (Laura Salmon) 2015, pp. 24

List of sources:

Kurdish sources:

Azad Abdulwahid Karim (2011) Colors of Text is an interpretive project of several literary texts. First edition, Kirkuk, Shahid Azad Hawrami Printing House.

Azad Mohammed Saeed (2024) Place in the short novel (Black Spring). Garmian University, p.

Awara Kamal Saleh (2021) Nostalgia in the novel (Alwan and Legend) by Jaafar. Journal of Raperin University, September, Volume 8, No. 3, p.

Pakhshan Sabir (2015) Main Themes of Prison Poetry. Journal of Sulaimani University, No.

Tal'at Tahir (2021) Your name is my signature. First edition, Erbil, FAM Printing House.

Hassan Sarbaz (2010) Shapes of Nostalgia in the Poems of Piramird and Badr Shakir Sayab. Research, Kurdish Literature, Dora Panjm, No. 7, p.

Dara Sulaiman, (2024) The reason for the existence of language from the perspective of evolutionary psychology. Kurdistan Post. Last visited December 15, 2026 https://www.facebook.com/daray.sleman

Authorityd. Zhuan Abdulsalam Aziz Gardi (2022) Literary Methodology, First Edition, Tehran Printing House.

Authorityd. Soran Mamend Abdullah (2016) Nostalgia in Contemporary Kurdish Poetry, First Edition, Tehran Printing House.

Rebwar Siwayli (2016) Philosophical Reading of Poetic Experience. First edition, Erbil, Kurdish Academy Publishing House, Rojhelat Printing House.

Soran Mamend Abdullah (2016) Nostalgia in contemporary Kurdish poetry with examples of Abdullah Pashew/Anwar Qadir Mohammed/Sabah Ranjdar. Erbil, Awer Center Publishing House.

Sherwan Hussein Khoshnaw and Sherwan Mirza Qadir (2010) Mukriyan Research and Publishing Institute. 1st edition, Erbil.

Atta Rashid Hussein (2019) Gender of time in the construction of theatrical text (I enjoy your death). Journal of Garmian University, Volume 6, No. 3, P. 2, Last visited December 15, 2026 at: https://doi.org/10.24271/garmian

Abdullah Tahir Barzanji _ Dr. Abdullah Tahir Barzanji Ali Tahir Barzanji (2024) Key (Dictionary of Literature and Criticism). First edition, Sulaimani, Sardam Printing House.
Vian Abbas Ismail (2014) Nostalgia in Classical Kurdish Poetry with the Example of Nali-Salem-Kurdish. Master's Letter. Salahaddin University, College of Education, Kurdish Department.
Luqman Muqdid Ahmad (2025) Critical Principles of Textual Sociology in Mahmoud Najmadin's Novels According to the Theory of Perzima and Claude Duchamp, Master's Thesis, Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University.
Mustafa Aso Omar (2009) Aesthetic Values of Poetry. First edition, Duhok, Khani Printing House.
Mahdi Mohammed Ahmad (2015) Reasons for separation from the land, Newroz TV interview. Last visited December 15, 2026 https://www.facebook.com/handren.ahmad.7?__tn__=-UC
Nawzad Aswad Ahmad (2015) Dictionary of Terms of Arts and Humanities. Ghazalnoos Center.
Helmet Bayaz Rasul (2024) Textual Sociology in Mardin Ibrahim's Novel The Fall of Bora Qala in an Old Story from the Perspective of Pir Zima's Theory. Journal of Halabja University, September, Volume 9, No. 4, P. 7 Last visited December 15, 2026 at: http://doi.org/10.32410/huj-1
Arabic sources:
Alwan Khalif Mahmoud, Nostalgia in Contemporary American Painting, Rafdin Art Magazine
Volume 1 Issue 2 (2024): Volume 1 Issue 2, p.107,
Biyar F. Zima, Text and the Horizon Society of Critical Consensus Science, t. Antoine Abu Zeid, Vol. 1, The Arabic System of Translation, Beirut, (2013).
Dr. Seyed Reza Mirahmad-Dr.Ali Najafi Ayuki-Najma Fatahlizadeh, Shapes of Hanin towards the Past in Badr Shaker Al-Siab's Poetry, Journal of Studies in Arabic Language and Literature, Volume, 2012. Sh/2012.
Al-Saeed Amuri, Book and Ideological Formation in Contemporary Arabic Narrative - Ideological Critical Study, Ph.D., Al-Hajj Al-Khidr University – Faculty of Arts and Languages, Department of Arabic Language and Literature, 2012-2013, pp. 45-47,
Lughoff, Jack. (2017m). History and Memory, translated by Jamal Shaheed, vol. 1, Arab Center for Political Research and Studies, Beirut.
Wafa Ahmad Jaber Ahmad, Nostalgia and Cold Movement in the collection of short stories "Red Shawl and Saffron Cup" by Mohammad

Asiri, April 59, Sunnah, Bakliah Scientific Journal Al-Adab, 2025, pp. 2570-2
Persian sources:
Mahdi Sharifian, Persian Language and Literature Magazine, Year 5, Spring and Summer,
English sources:

A, B., Nook, E. C. & Cakar, M. E., 2020. *The role of language in the construction of emotion and memory: A predictive coding view*. In: R. D. Lane & L. Nadel, eds. *Neuroscience of Enduring Change: Implications for Psychotherapy*. New York, NY: Oxford University Press, pp.61–62. oi:10.1093/oso/9780190881511.003.0004. OUP Academic

Boym, S. (2001). The Future of Nostalgia. New York: Basic Books, pp. 7-8

Davis, F. (1979). Yearning for Yesterday: A Soclogy of Nostalgia. New York: Free Press, p. 8.

Fuentenebro; de Diego, F; Valiente, C (2014). "Nostalgia: a conceptual history". History of Psychiatry. 25 (4): 404–411. doi:10.1177/0957154X14545290. PMID 25395438

Dissertation medica de nostalgia ،Johennes Hofer1688, pp.15

Lgnorance،Milan Kundera2000, pp. 14-15

Svetlana Boym, S. (2007). The Future of Nostalgia. Basic Book. ،p7

Seldean Smith ,The Linguistics of Nostalgic Language: How Language Reflects Our Past, Sep 17, 2024. https://dayinterpreting.com/blog/the-linguistics-of-nostalgic-language-how-language-reflects-our-past/

The future of nostalgia ،Svetiane Poym, 2001, pp.13

Svetlana Boym, S. (2007). The Future of Nostalgia. Basic Books

Yearning for yesterday sociology ،(Fred Davis)1979, pp. 9-16/101-1 nostalgia

(Linda Hutcheon) 1998, pp. 20

Chronotopes of Affectivity in literture، (Laura Salmon) 2015, pp. 24